# شاز و شەبەح و چووڵە

ئەمجەد شاکەلی

کوردی هەندەران:

من زۆر کەم سەری کوردستان دەدەمەوە، هەرچەندە زۆریش حەز دەکەم، بەڵام هێندە هاسان نییە. جاری یەکەم ساڵی 1992 چوومەوە و جاری دووەمیش کۆتایی 1997. 25-12-1997، پێش گەیشتنمان بە ژێر دەستەڵاتی حوکوومەتی کوردستان، لە یەکێک لە خاڵەکانی پشکنینی تورکیادا، کە هێندە زۆرن ناخۆشیان کردووە، لە کاتی پشکنینی ساکی کەسێکدا، کە لەگەڵماندا بوو و دەگەڕایەوە وڵات، سەربازە پشکنەرە تورکەکە، لەنێو یەکێک لە ساکەکانیدا، کاسێت (نەوار، شریت) ێکی ڤیدیۆی دەرهێنا. کاسێتەکە، فیلمێکی ڕووتی سێکس (پۆڕ) ی بوو، وێنەی ژنێکی ڕووتی بەسەرەوە بوو، کە هەموو لەشی بە دەرەوە بوو. سەربازەکە لە خاوەن کاسێتی پرسی، کە ئەوە چییە! ئەویش گوتی، ئەوە هی برادەرێکە، بۆ کەسێکی دیکەی ناردووەتەوە. سەربازەکەش گوتی، ئەوە قەدەغەیە و نابێ بیبەی. دوای مشتومڕێکی زۆر کابرای سەرباز گوتی، کە ئەو کاسێتە لای خۆی گلدەداتەوە و هەڵدەگرێ تا ئەو) خاوەنی کاسێتەکە) لە عیراق[1] (کوردستان) دەگەڕێتەوە و پاشان وێی دەداتەوە. ئیدی بەو جۆرە لە کابرای سەرباز و پشکنینەکە دەرباز بووین. پاشان لەگەڵ ئەو برادەرەی خاوەن کاسێتەدا بوو بە مشتومڕمان و من سووربووم لەسەر ئەوەی، کە ئەو کارەی ئەو –واتە: هێنانەوەی کاسێتی لەو بابەتە بۆ کوردستان- کارێکی قۆڕ و نابەجێیە، چونکە کوردستان خۆی حاڵ و گوزەرانی زۆر جوان نییە، تا ئەوەیشی بۆ ببرێتەوە. ئەو برادەرەش هەر دەیگوت، کە ئەو کاسێتە هی خۆی نییە و هی برادەرێکیتی. من هەرگیز بڕوام بەو قسەیەی نەدەکرد و دەمزانی درۆ دەکات و هەر هی خۆیەتی. بێجگە لەو کاسێتە دوو جانتای پان و بەرینیشی پێ بوون، کە بە خەتێکی زۆر درشت لە سەریان نووسرابوون "MARLBORO " و هەردووکیان ڕێکلامی جگەرەی مارلبۆرۆ بوون. بە قەولی خۆی ئەو جانتایانە تەنێ جانتایان تێدا بوون و هەر یەکەیان 40 جانتای ڕێکلامی مارلبۆرۆیان تێدا بوون. سەرباری ئەوانەش کۆمەڵێک کلاوی مارلبۆرۆ و جلی مارلبۆرۆ و شتی دیکەی مارلبۆرۆی پێ بوون. هەموو ئەو شتانەی دەبردنەوە کوردستان. دوای قسە و باس، بۆم دەرکەوت، کە ئەو برادەرە سەر بە یەکێکە لەو خێزانە بۆرژوازییە کوردانەی هەندەران، کە خەریکی بازرگانی و کڕین و فرۆشتنن. ئەو جۆرە کەسانەش بێجگە لە بەرژەوەندی ماددی خۆیان، هیچی دیکەیان بە خەیاڵدا نایەت. هەموو دنیا بە لای ئەوانەوە، بازاڕێکی گەورەیە و هەموو شتێکیش بە لای ئەوانەوە، ڕەنگە مرۆڤیش، کاڵایە و قابیلی کڕین و فرۆشتنە.

بەشینەوەی خۆراک:

دوای پێکهاتنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) [2] و عیراق، لە سەر بڕیاری "986ی نەفت بەرانبەر خۆراک"، ئیدی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئازووقە بە سەر تەواوی خەڵکی عیراق و کوردستاندا، لە زوێر و بەسرەوە تا زاخۆ و ئیبراهیم خەلیل، دابەش دەکرێ. مانگانە بە گوێرەی ژمارەی ئەندامانی خێزان هەموو ماڵێک، ئارد،

---

[1] تورکەکان وشەی کوردستانیان بە زاردا نایەت و ئەو وشەیە لای ئەوان قەدەغەیە.

[2] من پێم وایە نێودێرکردنی ئەو ڕێکخراوە بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە زمانی کوردیدا، هەڵەیە. ئەو هەڵەیەش لەوەوە هاتووە، کە لە وشەگەلی "UNITED NATION"ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای دەوڵەتەیەکگرتووەکان دێت، چونکە "NATION"ی ئینگلیزی لێرەدا، دەکاتە "دەوڵەت" نەک "نەتەوە". زۆرجاران لە نێوان وشەی"دەوڵەت" و "نەتەوە"، لە زمانی ئینگلیزیدا، چ جیاوازییەک نییە.کەواتە لەبری"نەتەوە یەکگرتووەکان " UN" بگوترێ "دەوڵەتەیەکگرتووەکان" ڕاستترە. ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاست بووایە و هەموو نەتەوەگەلی جیهانی گرتبایەوە، دەبوو : باسک، کورد، قەرەج، ئیندیان، بەلووچ، سریان، پەشتۆن، ماوری، تامیل، ئەبوریجین، ئاشووری، تورکمەن، چێچنی، کلدان، بەربەر، سام، چەرکەس و...دەیان نەتەوی دیکەی ئەم جیهانە، کە بێ دەوڵەتن، ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بووایەن. ئەو ڕێکخراوە، لە باشترین حاڵیشدا، دەکرێ بە نوێنەری"نەتەوەگەلی دەوڵەتدار" واتە ئەو نەتەوانەی، کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن، وەک: فرانسی، ئیتالی، یۆنانی، سوێدی، ئەڵمانی، تورک، بولگاری، چینی، ژاپۆنی و...دابنرێت. بێجگە لەوەش ڕێکخراوی "دەوڵەتەیەکگرتووەکان" یش وەک زۆرینەی ڕێکخراوەکانی جیهانی، کاریگەری بیر و دید و بۆچوونی ڕۆژاوایان لە سەرە و ڕەنگدانەوەی جیهانبینی و فەرهەنگی ڕۆژاوان.

www.kurdistannet.org

شەکر، ڕۆن، چای، برنج، فاسۆلیا[3]، نیسک، سابوون، تاید، و شتی دیکەش وەردەگرن. خەڵک بە وەرگرتنی ئەو خۆراک و پێویستییانە، حەساونەتەوە و زووزوو دەڵێن"خوا لە کۆفی عەنان – و جارجاریش سەددام حوسەین- بە زیاد کات بۆ ئازووقەکەیان" و سوپاسی وان دەکەن. بێگومان خەڵک مافی خۆیانە، کە سوپاسگوزار بن، چونکە بەڕاستی بە وەرگرتنی ئەو ئازووقەیە، تێر بوون و لە برسییەتی و گرانی و نەبوونە ڕزگاریان بووە. لە هەموویش گرنگتر بۆ وان ئەوەیە، کە تەواوی ئەو خێری خودایە بە مفت (خۆڕایی، بەلاش) پێیان دەدرێ. چیرۆک و داستان و گێڕانەوەی زۆر و زەبەندە، لەبارەی نەداری و گرانیی پێش نەوت بەرانبەر خۆراک و دابەشکردنی ئازووقە دەگێڕدرێتەوە. خەڵکە هەژارەکە، سەختییەکی زۆریان دیوە و ئەگەر سوپاسی شەیتانیش بکەن، مافی خۆیانە. هەرچی خەڵکانی دەسترۆ و دەوڵەمەند و بۆرژوازیشە، نە پێش ئازووقە و نە پاش ئازووقەش، پێویستییان بە هیچ نەبووە و نەبوونەیان بە خۆیانەوە نەبینیوە، چونکە ئەوان خۆیان لە سازکردن و ئافراندنی گرانی و نەبوونە و شاردنەوە و بەگرانفرۆشتنی ئازووقە و برسیکردنی خەڵکە هەژارەکەدا، نۆرەی لەبەرچاویان بینیوە. ئەوان خۆیان بە پێزانین و هاریکاریی و بەشداری و پارێزگاریی دەسەڵاتدارانی کورد، تەواوی ئەو قەیران و کارانەیان ئەنجام داوە. لە کاتێکدا دەبوو ئەو ئازووقەیە بە گوێرەی پێویستیی دابەش بکرێت و ڕادەی هەژاری و دەوڵەمەندی، لەبەرچاو بگیرێت، کەچی بۆرژوازیی دەسترۆ و دەوڵەمەند و دەسەڵاتداری کورد، ئەوڕۆ زۆر بێشەرمانە و مشەخۆرانە، لە وەرگرتنی ئازووقەدا، ملانێی هەژاران دەکەن و ئەوانیش بەشی خۆیان وەردەگرن، کە ئەوە کەلێنیکی ئەو مەسەلەی دابەشکردنی ئازووقەیەیە. زۆرجارانیش فرتوفێڵ لە وەرگرتنی ئازووقەدا دەکرێ، بۆ نموونە: خەڵک هەن ناوی منداڵی خۆیان، کە لە هەندەرانن نووسیوە و ئازووقەی ئەوانیش وەدەگرن، یا لە چەند شوێنێکی جیاوازی کوردستان ناوی خۆیان و خانەوادەیان نووسیوە و لەو چەند شوێنە ئازووقە وەردەگرن. خەتەرێکی مەزن، کە من بۆ خۆم لە بەشینەوەی ئازووقەدا دەیبینم، کارتێکردنە سەر کشتوکاڵ و گوند و وەرزێری کوردستان و عیراقە. وەرزێر، کە ئارد، برنج، ڕۆن، نیسک، فاسۆلیا و شتی دیکەی، بە مفت دەستکەوێ، ئیدی ئارەزووی کارکردن و چاندنی نامێنێت، چونکە لەو بڕوایەدایە، کە کار و شەکەتییەکەی خۆی چ خێرێکی نییە و بەرهەمەکەی لە بازاڕدا نافرۆشرێت[4] و ئەو شەکەتبوونەی خۆیشی لە زیادەیە، بەوەش کشتوکاڵ تا دێت لاواز دەبێت و وەرزێر لێی دوور دەکەوێتەوە. هەر وەک نموونەیەک بۆ ئەوە، من بۆ خۆم لە بازاڕی سلێمانیدا تەماتەی بەسرە و کوولەکەی ئوردونم دیت دەفرۆشران. بێگومان ڕۆژاوا و "د. ی: دەوڵەتەیەکگرتووەکان "یش، کە هەر بەدەست ڕۆژاواوەیە، بۆ خۆیان بە بەرنامەڕێژی و نەخشەدانان، ئەو جۆرە کارانە ئەنجام دەدەن. تەواوی سامان و پێشکەوتن و دەوڵەمندیی ڕۆژاوا، لە سەر حیسابی گەلانی بندەست و هەژار و جیهانی سێیەم و چوارەمە، کە کوردستان و عیراقیش، بەشێکن لێیان. ڕۆژاوا دەیەوێت ئەو دەڤەرانە، ئەو وڵاتانە، ئەو گەلانە، بە هەژاری و نەداری و دواکەوتوویی بمێننەوە و هەرگیز لەسەر پێی خۆیان ڕانەوەستن و هەمیشە توورەکەلەمل و کەشکۆڵلەشان و دەرۆزەکەر بن. دەنا ئەگەر وا نەبووایە، دەبوو"د. ی " لە بری ئەوەی ئارد لە ئەمەریکا و کەنەدا و کوێ و کوێ بکڕێ، دەیتوانی گەنمی لە وەرزێری کوردستان و عیراق کڕیبا و هەر لە کوردستان و عیراقیشی هاڕیبا و ئەو ئاردەی بە سەر خەڵکەکەدا دابەش کردبا. هەر ئەوەش بۆ برنج و فاسۆلیا و نیسکەکەش ڕاستە، چونکە لە عیراق و کوردستانیشدا هەموو ئەوانە دەچێنرێن. دەکرا ڕۆن و سابوون و تایدەکەش هەر لە عیراق خۆی بکڕن، چونکە لەوێ ئەوانەش وەبەرهەم دەهێنرێن. ئەگەر"د. ی"و ڕۆژاوا، وەها کارێکیان کردبا، هەم

---

[3] یەکێک لەو خزمانەم لە کوردستان، کە ئەویش وەک هەموو یەکێکی ئەو میللەتە بە وەرگرتنی ئەو ئازووقەیە هێندە بەختەوەر و دڵخۆش بوو، هەر خۆش خۆش لێی دەپرسیم: دەی باشە ئەمجەد، ئەی لای ئێوە بائیع هەیە؟ ئەی فاسۆلی لە کوێ وەردەگرن؟

[4] نانەواخانەکان یەک کیلۆ ئاردی گەنمی کوردستان یا عیراق لە بازاڕدا، بە یەک دینار دەکڕن. لەو یەک کیلۆ ئاردە 30-40 سەمموونی لێ دروست دەکەن و هەر یەک سەممونی بە یەک دینار دەفرۆشنەوە. واتە: بەو یەک دینارەی کە یەک کیلۆ ئاردی پێ دەکڕن 30-40 دیناریان دەست دەکەوێتەوە. دەبێ ئەوەش بزانین، کە وەرزێر بەرهەمەکەی بە گەنمیی دەفرۆشێت، نەک بە ئاردیی، واتە: بە کەمتریش لە یەک دینار.

کشتوکاڵی عیراق و کوردستان دەبووژایەوە و هەم دەرفەتی کار زۆر دەبوو و هەمیش پارە و دراوی زیاتر دەهاتە نێو وڵاتەوە و مامەڵەی پێ دەکرا و زێتر دەکەوتە دەست خەڵک و بەوەش داهاتی نیشتمانیی و داهاتی تاکەکەسیش زیادی دەکرد. وەلێ ڕۆژاوا ئەوەی لە نەخشەدا نییە، بەڵکە داڕووخان و تێکشکان و داتەپینی ئابووری و جڤاکی و فەرهەنگی و سیاسی گەلانی سێیەم و چوارەم و بە دەرۆزەکەرکردنی ئەوانی مەبەستە. شتێکی پێویست و گەلێک گرنگ، کە دەبێ لەمەڕ ئەو ئازووقانەوە بگوترێ ئەوەیە، کە ئەوانە هەر هەمووی بێ کۆنترۆڵکردن و ئازمایشکردن دێنە ناو کوردستانەوە. لە هیچ وڵاتێکی ئەم جیهانەدا شتێکی وا ڕوو نادات، کە خۆراک و شتی دیکە بێ لێنۆڕین و ئازمایش بێتە نێو وڵاتەوە و بە سەر خەڵکدا دابەش بکرێت و بخرێتە بازاڕەوە. ئەوە تەنێ لە کوردستان وایە. ئەو کارە لە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی کوردستاندایە و ئەوان بەرپرسن لێی، چونکە کێ دەڵێ ئەو خۆراکانە شتی خراپ و ژاراوییان تێدا نییە یا کۆن و کات بەسەرچوو نیین! بە بیر کردنەوە لەوەی، کە بەشێکی ئەو ئازووقانە لە تورکیا و عیراق و مسر و. . . وەوە دێن، دەبوو زیاتر لەو بارەیەوە بە تەنگ کۆنترۆڵکردنی ئەو ئازووقانەوە هاتبان. لەم وڵاتە ئەورووپاییانە هیچ شتێکی کۆنترۆڵنەکراو، بە تایبەت خۆراک، ناهێنرێنە نێو وڵاتەوە. ئەو کارە نیشانەی بەتەنگەوەهاتن و گرنگییدانە بە هاووڵاتییان، کە لە کوردستاندا دواشتێکە بیری لێ دەکرێتەوە.

خاڵی پشکنین، بازگە:

لە نێوان سلووپی و خابووردا لە باکووری کوردستان، کۆمەڵە خاڵێکی پشکنین هەن، هەرچەندی بیریان لێ بکەیتەوە ئەو بازگەیانە مرۆڤ وەڕز دەکەن و ئەوانەی لەوێشن (سەرباز و پۆلیسی تورک) بیانوو بە مرۆڤ دەگرن. ئەو کارەشیان زیاتر لە کاتی گەڕانەوەدا، لە دیوی باشوور بۆ باکوور، وەبەرچاو دەکەوێت. بێجگە لە پشکنینی جانتا و شتومەک، کە چەندین جار ڕوودەدات و جاری واش هەیە نێوان خاڵی پشکنینێک و یەکێکی دی 10 میتریش پتر نییە. لە شوێنێکدا لە دوای گومرک و ئەوانەی پارتیی، ژوورێکی گچکەیان هەیە، کە تایبەتە بە پشکنین و خوێندنەوەی نامە و چاپەمەنی. مرۆڤ بە نامە و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەوە –ئەگەر پێی بن- دەبەنە ئەو ژوورەوە. نامەکان دەکەنەوە. کتێبەکان ڕووپەل ڕووپەل هەڵدەدەنەوە، دەیانخوێننەوە و پرسیار لەبارەیانەوە دەکەن. ئەگەر ناو و شتی وا لە نامەکاندا هەبوون، دەپرسن: ئەوانە کێن و چ کارەن و تۆ پێوەندت چییە پێیانەوە و زۆر پرسیاری دیکەش. لەبەر نەبوونی پۆست و نارێکی و گرانیی تەلەفۆنکردن، ئەوەی کە لە کوردستانەوە بەرەو ئەورووپا دەگەڕێتەوە یا بە پێچەوانەوە، وەک ئاسایی، دەیان نامە و ڕاسپاردەی خەڵکی پێیە. جاری وا هەیە دوای هەڵپچڕینی نامەکان و خوێندنەوەیان، نامەی ئەم دەخرێتە زەرفی نامەی ئەوی دیکەوە و یا بە پێچەوانەوە، ئیدی دەبێ مرۆڤ بە سەلیقە بیاندۆزێتەوە و بە خاوەنەکانیان بگەیەنێت. بێگومان ئەوەی لەو خاڵی پشکنینانەی تورکیادا دەکرێ، گەورەترین سووکایەتییە بەو خەڵکە کوردەی، کە دەگەڕێنەوە وڵات دەکرێت. ئەوان (تورکەکان) هەر تەنێ لەبەر کوردبوونی ئەو خەڵکەی، کە دەگەڕێنەوە و لەبەر گەڕانەوەیان بۆ کوردستان ئەو سووکایەتییەیان پێ دەکەن. من ئەو سووکایەتیپێکردنە تەنێ بە سووکایەتیپێکردنی خەڵکانی هاتوچۆکار نازانم، بەڵکە بە پلەی یەکەم سووکایەتیپێکردنی، دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستانە، کە تورکەکان هیچ جۆرە حیسابێکی ڕەسمی و قانوونییان بۆ ناکەن. مرۆڤ کە بەو بەزمەدا تێدەپەڕێت، مەرگی خۆی بە ئاوات دەخوازێت و دەڵێ، تۆبە ئیدی جارێکی دی بەم ڕێگەیەدا هاتوچۆ ناکەم، بەڵام مرۆڤ شتی زوو لەبیر دەچێت و هەر پاش ماوەیەکی دی کیچ دەکەوێتە کەوڵی و هەمان ڕێی هات و نەهات دەگرێتەوە بەر. ئەوانە خاڵی پشکنینی تورکیان و تورکیاش دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستانە و لەشکرێکی فاشی و کۆمەڵە سیاسەتکارێکی نۆکەری ڕۆژاوا، بە ئاگر و ئاسن، فەرمانڕەوایی دەکەن، بەڵام لە باشووری کوردستان، کە گوایە وڵاتی "ئازادی و دیموکراسی"یە، ژمارەی خاڵی پشکنینەکانیان ئەگەر لەوانەی تورکیا زێتر نەبن، کەمتریش نیین. بێجگە لە خاڵەکانی پشکنینی نێوان ئیبراهیم خەلیل و هەولێر، کە نازانم چەندن، لەنێوان هەولێر و سلێمانیدا، 16 خاڵی پشکنین هەن. هەولێر-دێگەڵە، کە لە ژێر دەسەڵاتی

پارتیدایە، 8 بازگە و دێگەڵە-سلێمانی، کە لە ژێر دەسەڵاتی یەکیەتیدایە، 8 بازگە. لە ژمارەی بازگەکانیشدا، پارتی و یەکیەتی، پێڕەوی "فیفتی-فیفتی"یەکەیان کردووە، کە ئەنجامێکی باشی نەبوو. لە بازگەکانی پارتی، چ لە ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ هەولێر و لە هەولێریشەوە بۆ دێگەڵە و چ بە پێچەوانەشەوە، مرۆڤ لە ئۆتۆمبیلەکان دانابەزێنن و جانتا و ساک و خورج و شتومەک ناپشکنن، بەڵام لە بازگەکانی یەکێتی لە دێگەڵەوە بۆ سلێمانی و بە پێچەوانەیشەوە، بە لای کەمەوە لە هەر سەرێکەوە، چوار پێنج گلەت، مرۆڤ دادەبەزێنن و جانتا و شتومەکەکانی دەپشکنن. مرۆڤ بە تەنێ دەبەنە ژوورێکەوە و لە سەر جلەکانەوە دەست بە لەشیدا، لەسەرەوە تا پایین دێنن و دەیپشکنن[5] و هەموو شتەکانی بەرکیشی پێ دەردەکەن و لەبەردەم خۆیاندا، لەسەر مێزێک دایدەنێن و تەماشای دەکەن. پرسیار دەکەن بۆ دەچی بۆ سلێمانی یا بۆ هەولێر؟ بۆ لای کێ دەچی؟ چەند دەمێنییەوە؟ و زۆری دیکەش. لە گەڕانەوەمدا بۆ هەولێر، لە بازگەیەکی نێزیکی دووکان، کە دایانبەزاندین و پشکێندراین، لە یەکێک لەو نەفەرانەی، کە لەگەڵمان بوو پرسییان، بۆ دەچی بۆ هەولێر؟ گوتی: دەچم بۆ پرسە. گوتیان: پرسەی کێ؟ گوتی: پرسەی خزمێکم. گوتیان: کەی مردووە؟ گوتی: چەند ڕۆژێکە. گوتیان: بۆ مردووە؟ گوتی: خوا کوشتوویەتی. ئەمە پرسیار و وەرامێکە، کە دەکرێ لە دادگەدا ڕوو بدات و ئەنجام بدرێت، ئەویش دوای ڕووداوێک یا کارەساتێک، یا لە چیرۆکێکی پۆلیسیدا، مرۆڤ شتی ئەوتۆیی دەخوێنێتەوە، نەک لە بازگەیەکی پشکنینی نێوان سلێمانی و دێگەڵەی "ئازادکراو"ی، ژێر دەسەڵاتی کورد و لەنێوان دوو کورددا. لە بازگەی پشکنینەکەی چوارباخی سلێمانی، یەکێک لەو لاوانەی، کە لە زانستگەی سەلاحەددینی هەولێر دەخوێنن، بۆ سلێمانی دەگەڕێتەوە، دەگیرێ و دوای یەک دوو شەوی زیندانی، بە هۆی ئەم و ئەوەوە بەری دەدەن، تاکە هۆیەک بۆ گرتنەکەی، ئەوە دەبێ، کە ڕۆژنامەیەکی "برایەتی"، کە لە هەولێر و لە لایەن پارتییەوە دەردەچێ پێ دەبێت. لە هەموو دنیادا و بە درێژایی مێژوو، کە خەڵک ڕا دەبن و شۆڕش دەکەن، بۆ ئازادی و نەهێشتنی بازگەی پشکنین دەکەن، کەچی لە کوردستانەکەی ئێمەدا، بە پێچەوانەوە، بازگەکانی پشکنین زیاد دەبن و ئازادیی مرۆڤیش دەتاسێندرێت[6].

زمان:

زمان یەکێکە لەو شتانەی، کە بەرگۆڕانە و بە گوێرەی ڕەوتی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی فەرهەنگی و ئابووری و لایەنەکانی دیکەی ژیان، ئەویش دەگۆڕێت و وشەی نوێ و دەربڕینی نوێی تێدەکەوێت و بەوەش زمان پێشدەکەوێت و دەوڵەمەندتر دەبێت. ئەوەی لە باشووری کوردستان وەدی دەکرێت، وا نییە. هەرچی زمانی پەیڤین و نێو خەڵکە، هێندەی زاراوە و وشەی بیانی کەوتووەتێ، کە خەڵک لە وشەی کوردییان جودا ناکەنەوە. دیارە ئەو وشە بیانیانەش هەرلەخۆڕا هەڵنەتۆقیون، بەڵکە لە ئەنجامی هەندێ ڕووداوی سیاسی و گۆڕانی باری ئابووری و جەنگ و نەبوونی وشەی کوردی بۆ ئەوانە و هاسان بەکاربردن و لێکتێگەیشتن و دەیان فاکتەری دیکەوە هاتوونەتە گۆڕێ و خۆیان سەپاندووە. زۆرجارانیش لایەنێکی قۆشمەیەتی لە بەکاربردنی وەها وشەگەلێکدا، هەرچەندە بە زیانی زمانی کوردی دەشکێتەوە، وەدی دەکرێت، بە تایبەت لە سلێمانی. هەندەک وشەش تایبەتن بە باژێرێک یا دەڤەرێک و تەنێ لەو دەوروبەرەدا بەکار دەبرێن و لە شوێنانی دیکە بەکار نابرێن و ڕەنگە نەشناسرێنەوە. لەو وشە باوانەی، کە لە سلێمانی بە سەر زاری گەورە و گچکەوەیە، وشەی "شاز"، (بە عەرەبی: شاذ) ە. خەڵک ئەم وشەیە بۆ هەموو شتێک و لە هەموو کاتێکدا بەکار دەبەن. لە بازاڕدا، بەقاڵ، دوکاندار،

[5] تا مانگی ئەیلوولی 1980 لە کوردستان و عیراق بووم و چەندین جاریش بە بازگەکاندا تێپەڕ بووم، هەرگیز پشکنینی لەش و دەرکردنی شتی نێو گیرفان و ئەوانەم تووش نەبووە.

[6] دەڵێن کە شۆڕشی گەلانی ئێران لە سالی 1979دا، لە دەسپێکی سەرکەوتنیدا بوو، خەڵک لە باژێری تاران، پەلاماری سەعاتی پارکینگ و ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلەکان، کە پارەیان تێ دەکرێن، دەدەن و لەبن دەریان دەهێنن و دەیانشکێنن. کە پاسدار و پۆلیس لێیان هەڵدەپێچن و لێیان دەپرسنەوە، ئەوان لە وەڵامدا دەڵێن: مەگەر شۆڕش نییە، مەگەر ئێمە ئێتر ئازاد نین، ئەی ئازادی یانی چی؟

شەربەتفرۆش، جلفرۆش، کووتاڵفرۆش، هەموو هاوار دەکەن و وشەی "شاز"یان بە سەر زارەوەیە. شازی پرتەقاڵ، شازی هەنار، شازی سێو، شازی خورما، شازی توو، شازی پیاز، شازی شەربەت، شازی چاکەت، شازی پاڵتۆ، شازی تەنەکە، شازی سەرکردە، شازی قەل، شازی حیزب، شازی مریشک، شازی تەزویر و. . . شازی هەموو شتێک، بەرگوێ دەکەوێت. وشەیەکی دی کە زۆر باوە، وشەی "شەبەح"، (بە عەرەبی: شبح) ە، کە بە واتای، تارمایی، شەوە و مۆتەکە دێت. ئەم وشەیە، لە ناوی ئەو فرۆکە ئەمەریکاییەوە کەوتووەتە سەر زاری خەڵک، کە لە جەنگی کەنداودا، دەهاتە سەر عیراق و لە شەمشەمەکوێرە دەچوو و ڕاداری عیراقی نەیدەبینی و دەهات کاری جاسووسی ئەنجام دەدا. عەرەب نێوی "تارماییەفرۆکە: طائرة شبحیة "یان لێ نابوو و کوردیش ئەو شەبەحەی لەوەوە وەرگرتووە. بەڵام لە سلێمانی خەڵک بۆ پارەی کاغەزی 250 دیناریی عیراقی، کە ساختە (موزەووەر، قوللابی) یە و بۆ قەمسەڵەی چەرمی ڕەشی گرانبایی و ئۆتۆمبیلی مێرسیدسی ڕەشی تازە و جوان و گرانبەها، بە کاری دەبەن. دەڵێن: شەبەحێکی کڕی، یا شەبەحێکی لەبەردا بوو، یا بە ئەوەندە شەبەح کریم، واتە بە ئەوەندە 250 دیناریی کریم. وشەی "چووڵە "، کە بە واتای کەچە تەباخی بچووکی یەکچاویی پریمزئاسا، کە بە نەفت کار دەکات و هی هەژاران و نەدارانە، بەکار دەبرێ، ئەمیش هەر لە خوارووی عیراقەوە و لە کاتی جەنگی کەنداودا، گەیشتووەتە کوردستان. چووڵە، هی خەڵکی گیرفان بەتاڵ و نیشتەجێی خانووە قوڕەکانە. سەیر ئەوەیە ئەم وشانە: شاز، شەبەح و چووڵە، تەنێ لە سلێمانی، بەکار دەبرێن و لە هیچ شوێنێکی دیکەی کوردستاندا، نابیسرێن. وشەی "بائیع" یا "بایع"، (بە عەرەبی: بائع) ، واتە: فرۆشەر یا فرۆشیار، ئەویش وشەیەکی باوە و لە هەموو کوردستان و عیراقدا، بەکار دەبرێت. "فاسۆلیا"، لەکن هەندێک بووە بە "فاسۆلی". وشەی "لۆبیا"، لە سلێمانی نییە و بەکار نابرێت و لەوێ بە "لۆبیا" دەڵێن: "ماشی سپی" و بە"ماش"یش دەڵێن: "ماشەڕەشە". "نۆک"، لە سلێمانی پێی دەگوترێت "نۆکەحۆڵە"، وەک ئەوەی، کە نۆکی زرنگ و وریا و هۆشیاریش هەبێت. وشەی "لەیلا عەلەوی"، کە لە باشووری کوردستان و عیراقیش بۆ ئۆتۆمبیلە جیپ و لاندکرۆز و کرایسلەر و پایارۆ و لاندرۆڤەر و چیرۆکی و ڕەنجرۆڤەرە بەرز و پانوپۆڕەکانی بەرپرسانی حیزب و حوکوومەتەکانی کورد و کارمەندانی ڕێکخراوە بیانییەکان، بەکار دەبرێ، وشەیەکە لە سلێمانی، هەولێر و دهۆک بەکار دەبرێ. ئەم وشەیە لە نێوی ژنەئەکتەری توندوتۆڵ و خرپن و خڕوخەپان و سمتخڕ و گەش و خوێنگەرمی مسری، لەیلا عەلەوی (لیلی علوي) یەوە هاتووە. هەموو ئەو بەرپرسانە، کە سواری ئەو جۆرە ئۆتۆمبیلانە دەبن، وا دەزانن سواری لەیلا عەلەوی بوون و سمتی ئەویان لە ئامێز گرتووە. لە هەولێر وشەی "سەرکەشەهید" یا "سەلکەشەهید"، دەبیسرێت. سەرکەشەهید، بە پێچکە (تەگەر، تایە) ی ئەو ئۆتۆمبیلە گەورانە –مانەندی لەیلا عەلەوی و ئەو جۆرانە - دەگوترێ، کە بەرپرسان سواری دەبن. مەبەستی خەڵک لەوە ئەوەیە، کە هەزاران لاوی کورد شەهید بوون و ئەوانەی ئێستا بەرپرس و کاربەدەستن، بە سواربوونی ئەو ئۆتۆمبیلانەیانەوە و ناز و فیز و کەشخەییان بە سەر خەڵکدا، وەک ئەوە وایە، سەری ئەو شەهیدانەیان بۆ ماشینەکانیان کردبێ بە پێچکە و بەسەر واندا بئاژۆن. لە سلێمانی زۆرجاران تیپی"ت" بە شێوەی "ط"ی عەرەبی دەردەبڕدرێ. لە کاتی ئاخافتندا، خەڵکی لەبری "تەواو" دەڵێن "طەواو" و لە بری "تایە" دەڵێن "طایە"، ئەمە ئاساییە، بەڵام لە سەر دوکانی پەنچەرچی و تایەفرۆش، بنووسرێ "طایەفرۆش"، ئەمە شتێکی باش نییە. وەنەبێ ئەو وشەیە تەنێ لەیەک جێگەدا، بەرچاو بکەوێت، بەڵکە لە هەموو سلێمانیدا، لە بری وشەی"تایە" نووسراوە "طایە". وشەی "چاک" و "چاککردن" و "چاککراو" و "چاک دەکەم" و "چاکم کرد"، ئاساییە و دەبێ وابێ، کەچی لە سلێمانی، ئەوە هیچ بە گوتن، بە نووسینیش دەنووسن "سەرچاکردن" یا "وەرشەی فلان بۆ چاکردنی ڕادیۆ و کامیرا". بە وشەی"چای"، کە خواردنەوەیەکە لێ دەنرێ، لە سلێمانی دەگوترێ "چا، چالێنان، چاکردن"، واتە لەنێوان ئەو"چا" یەی خواردنەوە و "چا" ی "چاککردن"دا، چ جیاوازییەک ناکرێ. وشەی "سەرێشە" کە لە "سەرئێشە"وە هاتووە، واتە ژانەسەر، لە سلێمانی بە "سەریەشە" دەینووسن. لە بری وشەی "بدات"، وەک "هەوڵبدات" یا "سووربدات"، "دێت"، "حەڤدە 17"، "لەو خێزانە گەورەیەدا"، "لە سینەمەدا"، "لێیدا"، لە سلێمانی دەنووسن "هەوڵبات یا هەوڵبیات

www.kurdistannet.org
20/07/2003 22:30

و سووڕبات و یەت و حەڤە 17 و لەو خێزانە گەورەیەیا و لە سینەمایا و لێیا" و تیپی "د" نانووسن. لە کاتێکدا کە بەکارهێنانی تیپی "د" بۆ دەسپێکردنی فرمان، لای زۆرینەی زمانڤانانی کورد، وەک سەرەتایەک بۆ نێزیکخستنەوەی زاراوە و شێوەنووسینە کوردییە جیاوازەکان دادەنرێت و لەبەرچاو دەگیرێت، کەچی ئەو تیپی "د"یە، وەک "دەڕوات، دەخوات، دەکات" و. . . لە سلێمانی دەبێتە "ئەڕوات، ئەخوات، ئەکات"، ڕستەی"باخەکانیان ئاو دەدەن یا ئاو ئەدەن" لە سلێمانی دەبێتە"باخەکانیان ئاو ئەیەن" و نووسەری زەلام زەلام لە گۆڤار و ڕۆژناماندا و هەر بە خواست و ویستی خۆیان، ئەو جیاخوازییە هەڵدەبژێرن. زۆرجاران لە بری پاشگری "تر، دی، دیکە"، وەک "ژنەکەی تر، ماڵەکەی دی، ڕۆژێکی دیکە"، لە سلێمانی دەبن بە "ژنەکەی کە، ماڵەکەی کە، ڕۆژێکی کە"، بەوەش جیاوازی لە نێوان "کە"ی پاشگر و "کە" ی ئەدڤێربدا، وەک"ئەو ژنەی کە هاوسێمانە، یا ڕۆژی شەممە کە دەکاتە ئەوەندەی مانگ، یا ماڵی ئازاد کە بەرانبەر چایخانەی حەسیرەکەیە"، نامێنێت. تۆ کە دەڵێی فلانە شت لە فلانە شتی دیکە جیاواز (جویَ، جودا، جوایەز) ە، ئیدی تێدەگەی، کە شتی یەکەم وەک شتی دووەم نییە، وەلێ من لە نووسیندا و لە سلێمانی دیتووە کە وشەی "جیاوازتر" لەبری "جیاواز" بەکار براوە. وشەی "جیاواز" بۆخۆی لەحاڵەتی بەراورددا بەکار دەبرێت و ناکرێ لە حاڵەتی بەراوردی باڵا و بەراوردی باڵاتردا بەکار ببرێت، ناتوانرێ بگوترێ: جیاواز، جیاوازتر، جیاوازترین، وەک: گەورە، گەورەتر، گەورەترین. لە ڕێنووسی کوردی ئەمڕۆدا تا ڕادەیەک کێشەی "ی، ێ" و"و، ۆ، وو"، چارەسەر کراوە و قانوونێکی هەیە و ئەوەی کە کوردی دەخوێنی و دەنووسێ و دەخوێنێتەوە، گەرەکە جیاوازیی نێوان ئەو تیپانە بزانێت. ئەوەی مرۆڤ لە سلێمانی وەدی دەکات تیپی"وو" بە دەگمەن بەکاردەبرێ یا هەر بەکار نابرێ. وشەی"دەنگ"، کە کوردییەکی پەتییە و زۆریش خۆشە، لە سلێمانی بۆ بەرز یا نزمکردنەوەی دەنگ، دەڵێن"صەوتی ڕادیۆکە زیادکە یا صەوتی بەرێ یا صەوتی تەلەڤزیۆنەکە کەمکە ". وشەی "ڕەوەند"، کە لەوەتی کورد هەیە، بە واتای "کۆچەر" بەکار براوە، کەچی لە سلێمانی بۆ "ڕێڕەو، بە عەرەبی: مسیرة" بەکار دەبرێ. "ئەنگوستیلە"، کە دەکاتە ئەو ئەڵقە زێڕە یا زیوە یا هەر شتێکی دییەی دەکرێتە پەنجە و "ئەنگوست" یش دەکاتە پەنجە و "یلە"ش بۆ بچووککردنەوە بەکار دەبرێ. لە هەندێ شوێنی کوردستان بە "ئەنگوستیلە" دەگوترێ "کلکەوانە" و "کلک" هەر دەکاتە پەنجە و "وانە" ش، واتە "شتی پەنجە"، دیارە لە خانەقینیش بە "ئەنگوستیلە" و"کلکەوانە" دەڵێن "کلوانک"، من پێم وایە ئەو وشەیەش هەڵەیە، ئەگەر لە داڕشتن و ڕەگی وشەکەوە بۆی بچین، هەرچی سلێمانیشە ئەو وشەیە لەوێ بووە بە "موستیلە"، "یلە"کەی ڕاستە، وەلێ "موست"، نەک هەر واتای پەنجە نادات، بەڵکە هیچ واتایەکی دیکەیشی نییە. وشەی "یەکجاری، یەکجارەکی"، لە سلێمانی بووە بە "ئێجگاری، هێجگاری"، کە هیچ واتایەک نابەخشن. گیروگرفتەکە لەوەدایە ئەو وشانە لە سلێمانی لە نووسیندا بەرچاو دەکەون و لەنێو خەڵکدا بڵاو دەبنەوە. هەندێ وشە هەن، کە یەک واتایان هەیە و بە دوو جۆر دەگوترێن، ئەو وشانە خەریکن لە ناوچەیەکدا ساغ دەبنەوە و هەر یەکەیان لە ناوچەیەکدا بەکار دەبرێ و لە ناوچەکەی دی هاوواتاکەی بەکار دەبرێ. وشەی "ژن" و "ئافرەت" لە کوردیدا یەک واتایان هەیە. لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتیی زۆرتر وشەی "ئافرەت" و کەمتر وشەی "ژن" بەکار دەبرێ. دەگوترێ "یەکیەتی ئافرەتان، ڕێکخراوی ئافرەتان، کۆبوونەوەی ئافرەتان، مافی ئافرەتان". لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتی بە پێچەوانەوە، وشەی "ژن" بەکار دەبرێ و وشەی "ئافرەت"بەکار نابرێ. دەگوترێ "یەکیەتی ژنان، ڕێکخراوی ژنان، کۆبوونەوەی ژنان، مافی ژنان، کۆمەڵەی ژنان". پارتیی"ئافرەت"یان پێ باشە و یەکێتیش "ژن". هەمان شت بۆ "قوتابخانە و قوتابی"یش دەگوترێ، کە پتر لە ناوچەی پارتیی بەکار دەبرێن و لە ناوچەی یەکیەتیش هاوواتاکانیان "خوێندنگە و خوێندکار" بەکار دەبرێن. من بەش بە حاڵی خۆم، وشەگەلی "ژن، خوێندنگە، خوێندکار"م پێ ڕاستتر و جوانتر و باشترن لەوانی دی. وشەی "زانکۆ" کە بۆ "زانستگە، بە عەرەبی: جامعة" بەکار دەبرێ، وشەیەکی داتاشراوە و هیچ واتایەکی نییە و هەڵەیەکی گەورەیە، کە تا ئێستاش هەر لە سەری دەڕۆن و دەنووسن و دەڵێن "زانکۆی سلێمانی، زانکۆی هەولێر، زانکۆی دهۆک"، لە بری "زانستگەی سلێمانی، زانستگەی هەولێر، زانستگەی

www.kurdistannet.org
20/07/2003 22:30

دهۆک". وشەی "پێشنیاز" کە دەکاتە "پێش + نیاز" واتە "پێش مەبەست"، کەچی دەنووسرێ "پێشنیار" کە دەکاتە "پێش + نیار"، "پێش" ڕاستە، بەڵام "نیار" هیچ واتایەکی نییە و هەڵەیە. وشەی "بەروار"[7]، کە لە بری "مێژووی ڕۆژ، ڕۆژ، مێژوو، ڕۆژی. " بەکار دەبرێ، وەک بڵێی: 6/19، 8/22، 9/17، 11/13، وشەیەکی هەڵەیە و هیچ واتایەکی نییە، کەچی هەر بەکاریش دەبرێ. لە کاتێکدا دەکرێ وشەی "مێژوو" بۆ ڕۆژ و ساڵ و هەموو شتێک بەکار ببرێ، وەک "التاريخ" لای عەرەب، کە هەم "مێژوو، دیرۆک" بە واتا فرەوانەکەی و هەم ڕۆژ دەگرێتەوە. وشەی "عەللاگە"، کە وشەیەکی زۆر باوە لە کوردستان، وشەکەش بۆ خۆی عەرەبییە، لە بری وشەی "دەڵق" کە کوردییە بەکار دەبرێ. خەڵک لە سلێمانی، کە سواری پاس دەبن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و دەیانەوێ دابەزن، دەڵێن "دابەزین هەیە"، واتە "دادەبەزم، دادەبەزین". وشەی"دابەزین هەیە"، وەرگێڕانێکی وشەی "اكو نازل"ی عەرەبییە، کە لە عیراق بەکار دەبرێت. وشەی"ماطول"، کە هێندە عەرەبییە و ئێستاکە عەرەب خۆیان نایناسنەوە و بەکاری نابەن، لە سلێمانی لە بری وشەی "مادام، مادامەکی" بەکار دەبرێت، هەرچەندە هەردوو وشەکان هەر عەرەبین، بەڵام "مادام" وەک وشەیەکی کوردیی، جێی خۆی کردووەتەوە. لە زۆر جێگە لە سلێمانی، هەولێر و دهۆک و شارۆچکەکانی دیکەش، وشەی "سەنتەر" یا "سەنتەری فلانە شت"، لە سەر دەرگا و هەندێ خانوو، کە بارەگا و بنکەی هەندێ ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی، سیاسی یا فەرهەنگی، یا تەلەفۆنخانەن، بەر چاو دەکەوێ. ئەو وشەیە لە بری "نێوەند، بنکە، مەکۆ، بە عەرەبی: مرکز"، بەکار دەبرێ. وشەی "پلاتفۆرم" و "پلاتفۆرمی فلانە شت" لە بری "سەکۆ، بە عەرەبی: منبر" بەکار دەبرێ. وشەی "جێب تەلەفۆن"، کە وشەیەکی عەرەبییە و کوردەکە زۆر باشی بەکار دەبات، ئەو وشەیە بە کوردی دەبێتە "تەلەفۆنی گیرفان، تەلەفۆنی باخەڵ، تەلەفۆنی بەرک" یا دەکرێ بگوترێ "تەلەفۆنی دەستیی"، کەچی کورد بەلای ئەوانەدا ناچێت. لە هەموو دنیادا بەو شلەیەی، کە دەکرێتە ماشینەوە و وزەی دەداتێ و پێی دەڕوات، دەگوترێ "بەنزین یا بانزین"، کەچی لە دەڤەری بادینان بووە بە"پانزین یا پەنزین". کە فیلمێک لە تەلەڤزیۆن یا سینەما پیشان دەدرێت، دەگوترێ: "ئەم شەو یا فلانە کات، فلانە فیلم، پیشان دەدرێت"، کەچی لە سلێمانی دەگوترێ:" ئەمشەو یا فلانە کات، فلانە فیلم دەکرێت، دوێنێ فلانە تەلەڤزیۆن فلانە فیلمی کرد". دیارە لە هەموو کوردستانیشدا، وەک وڵاتانی عەرەب و عەرەبزمانان، بە"فیلم" کە بۆ خۆی وشەیەکی ئەوروپاییە، دەگوترێ "فلیم، عەرەب دەنووسن: فلم". وشەیەکی دیکەی ناقۆڵا، کە نەک هەر لە وڵات بەڵکە لە هەندەرانیش فرەجار لە نووسینی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، وشەی "هەڵسان بە فلانە شت"، دەنووسن "فلان کەس هەڵسا بە کردنەوەی کۆنگرەی چەندەمی ژنان" یا "ڕێکخراوی فلان هەڵدەستێ بە دروستکردنی فلانە مەکتەب"، ئەمە لە عەرەبییەوە (قام بافتتاح المؤتمر. . . للنسا) یا (المنظمة الفلانية تقوم بتشييد المدرسة الفلانية) وەرگیراوە و دەربڕینێکی کوردیی نییە. کورد دەتوانێ بڵێ: ڕێکخراوی فلان، فلانە مەکتەب دروست دەکات و فلان کەس کۆنگرەمی چەندەمی ژنانی کردەوە.

کارەبا:

کارەبای شاری هەولێر لە دووکانەوە وەردەگیرێت و کارەبای شاری سلێمانیش لە دووکان و دەربەندیخانەوە. کارەبای دووکان و دەربەندیخان بە دەست یەکێتییەوەیە. شاری هەولێر زۆرجاران بێ کارەبایە و لە ڕۆژێکدا چەند

---

[7] دۆستێکم بۆی گێڕامەوە، کە لە شەوکەتی مەلا سمایل- کە ئەفسەرێک بوو و ساڵانێک لە نێو هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولدا بوو-ی بیستووە، کە ساڵی 1963،کاتێک لە ناوچەی "بەرواری باڵا" و "بەرواری ژێری" دەبن، ئەحمەد تەوفیق، کە ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو و لەگەڵ بارزانیدا بوو، نامەیەک بۆ عەبدوڕڕەحمان زەبیحی(عولەما) دەنێرێ و لە کۆتایی نامەکەیدا دەنووسێ، "بەرواری، ڕۆژی ئەوەندەی، مانگی ئەوەندەی، ساڵی 1963" ، واتە ناوچە یا گوند یا دەڤەری بەرواری، کە دەکاتە جێگەی نووسینی نامەکە و مێژووی ڕۆژ و مانگ و ساڵەکە، وەک ئەوەی بنووسرێ : هەولێر 4-1-1984، یا کرماشان 2-10-1989. دواتر کە عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی، وەڵامی ئەحمەد تەوفیق دەنووسێتەوە، ئەو وشەی "بەرواری"یەی لێ دەبێتە، مێژوو یا ڕۆژی ئەوەندەی ئەوەندە و ئیدی دەنووسێ: بەروار، ئەوەندەی ئەوەندە. بەو جۆرە زەبیحی ئەو پەتا و دەرد و بەڵایە دەخاتە نێو زمانی کوردییەوە و ئێستاش خەڵکی "نەخوێندوو!" بەڕاستی دەزانن و پەیڕەوی لێ دەکەن.

سەعاتێک هەیە یا هەر نییە. خەڵکی هەولێر دەڵێن، یەکێتی کارەبایان لێ دەبڕێ. ئەوەی سەیرە سلێمانی، کە خۆی خاوەنی کارەبایە، ڕەوشی لە هەولێر باشتر نییە. لەوێش لە ڕۆژێکدا چەند سەعاتێک کارەبا بە مالان دەدرێت یا هەر بە تەواوی دەبڕدرێت. لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی، دوو سێ ڕۆژی تەواو کارەبا نەبوو.

خەڵک زۆر نارِەحەت بووبوون بەوە. قاو وا بلاو بووەوە، کە پشیلە وەنێو موحەوویلە (محولة) کەوتووە و بووەتە هۆی قرتاندنی وایەر و شتی وا و برینی کارەبا. باوکم ئێوارەیەکی لە مزگەوت گەڕایەوە و گوتی: "ئەو پشیلەیەی کە بووەتە هۆی برانی کارەبا، لە مزگەوت بووە بە سەگ و دەڵێن سەگ وەنێو موحەوویلە کەوتووە". لەوانە بوو ئەگەر ئەو بارە چەند ڕۆژێکی دیکە بەردەوام بووایە، ئەو سەگەش بووایە بە فیل. خەڵکی ولات، کە تا ڕادەیەکی زۆر شارەزای فرتوفێڵ و تەڵەکەبازیی بەرپرسانی ناوچەکەن، بە گومانەوە دەڕواننە ئەو جۆرە ڕووداوانە و شیکردنەوەی تایبەتیان بۆیان هەیە. خەڵک پێیان وابوو لە حالەتی وادا، موحەوویلەکان لێ دەکەنەوە و لە بنەڕەتەوە هەڵیدەکەنن و باری دەکەن و دەیگوێزنەوە بۆ جێگەیەکی دی و زۆرجاریش ئەو جێگەیە ئێرانە و ئاوەودیوی ئەوێندەرێی دەکەن و لەوێ دەیفرۆشن، یا چەکدار و هێزی ئێران خۆیان دەکەن بە شاردا و بۆ وەی خەڵک نەیانبینێ، کارەبا دەبڕدرێ، هەردوو حالەتەکەش بە سەر خەڵکدا تێپەڕێندرابوو و بینیبوویان.

چایخانەی شەعب:

لە ناوەندی بازێڕی سلێمانیدا، چایخانەیەک بە نێوی چایخانەی شەعب هەیە. هەرچەندە ئەو چایخانەیە دیرۆکێکی کۆنی هەیە و هەمیشە جێی دانیشتن و دەمەتەقێ و کاتبەسەربردنی، نووسەر و ئەهلی ئەدەب و قەڵەم بووە، ئێستاکەش هەر وایە، بەلام بێجگە لەو تاقمە، بووە بە شوێنی شتی دیکەش. لەو چایخانەیەدا، پاسپۆرت، مارەنامە و کاغەز و بەڵگەی ژنهێنان، تەلاقنامە، ناسنامە، وێنەگۆڕین، ناوگۆڕین، بەڵگەنامەی هەر خوێندنگە و زانستگەیەک و دەیان شتی دیکەش، دروست دەکرێن. خوشک لە برا و دایک لە کوڕ، مارە دەکرێن. خوشک و برا، دەکرێن بە کچ و کوڕی، خوشک و برای خۆیان. باس باسی سەفەری دەرێی ولات و هەندەرانە (لەوێ دەڵێن خاریج) . بۆ تورکیا، بە ئەوەندە دۆلار. تا یۆنان بە هێندە دۆلار. باس باسی دۆلارە و مامەڵە بە دۆلارە. دەیان قاچاخچی لەوێ دانیشتوون و هەر یەکەو یەک دوو کەس دەباتە پەنایەکەوە و کاغەزی ساختەیان بۆ دروست دەکات و دەداتێ و ڕێگەی هات و نەهاتی تورکیا و یۆنان و ئیتالیا و سوێد و ئەڵمانیا و هۆڵەندایان، بۆ باس دەکات. جارجاریش بۆ بایەخدان بە کارەکەی خۆیان، بە گوێی موشتەرییەکانیاندا دەدەن، کە "دەبێ زۆر وریا بین و با لێرە بگوێزینەوە و با دوای ماوەیەکی دی یەکتر ببینینەوە، چونکە ئاسایش بە شوێنمانەوەیە و دەمانگرن و سزامان دەدەن"، حالبوکی تەواوی ئەو کارانەش بە بەرچاوی ئاسایشەوە دەکرێن و خۆیشیان پێوەندیان بە ئاسایشەوە هەیە. ئەوەی بە بیری مرۆڤدا نایەت، لەو چایخانەیەدا ڕوو دەدات و دەکرێ. برادەرێکی وەڕز لەو ژینگەیە، هەم لە قاچاخچییانی پارە و هەم لە قاچاخچییانی وشە و ئەدەب، دەیگوت:"ئەگەر ئەم چایخانەی شەعبە لە بنەڕەتەوە برووخێنرێ، کورد دەبێتە شت".

ڕەوشی فەرهەنگیی:

لە هەردوو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتیی و یەکیەتی، گرنگییەکی تایبەت و فراوان بە باری فەرهەنگیی دەدرێت. پارەی زۆر –ئەڵبەتە هەر لایە و بە گوێرەی توانستی خۆی- بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکرێت. چ لە هەولێر و دهۆک و چ لە سلێمانی، بە دەیان گۆڤار و حەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامە و ڕۆژنامە، دەردەچن. هەر یەکەو تایبەتە بە شتێک. زۆربەی ئەو چاپەمەنییانە لە ژێر دەستی پارتیی یا یەکێتیدان و هی وانن. لە هەر لا و چەند دانەیەکیش هی حیزب و لایەنەکانی دیکەن. بلاوکردنەوە و ڕاگەیاندن لە کوردستان، شتێکی حیزبییە و چ ئازادی و سەربەخۆییەک لەو بوارەدا نییە. ئەوەی هەیە هی حیزب و دەسەلاتە. وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە هەولێر سەرباری ئەو بلاوکراوانە، ژمارەیەکی زۆری کتێبیشی، چاپ کردووە و دەکات و بلاو دەکاتەوە. بێجگە لە ڕۆژنامەی برایەتیی (پارتیی) و کوردستانی نوێی (یەکێتی) ، کە ڕۆژانە دەردەچن، دوو گۆڤاری فەرهەنگیی-کە پتر

بایەخ بە ئەدەب بە هەموو شێوەکانییەوە دەدەن- زۆر باش دەردەچن و بە شێوەیەکی پوختە و جوان. ڕامان، لە هەولێر و، گەلاوێژی نوێ، لە سلێمانی. ڕامان پتر بلاو دەبێتەوە و نووسەرانێکی زۆرتر، تێیدا دەنووسن. بێجگە لە نووسەرانی هەولێر و دهۆک و هەندەران، نووسەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و سلێمانیش تێیدا دەنووسن. هەرچی گەلاوێژی نوێیە، پتر نووسەرانی سلێمانی تێیدا دەنووسن. لە ڕووی زمانەوە، زمانە کوردییەکەی ڕامان، بەرینتر و ڕەوانترە، تا کوردییەکەی گەلاوێژی نوێ. لە ڕووی ڕێنووسیشەوە، ڕامان پتر پێڕەوی ڕێنووسی نوێی کوردی دەکات تا گەلاوێژی نوێ. گەلاوێژی نوێ، هەر بە ناوەکەیشیدا دەردەکەوێ، کە بۆ ژیاندنەوەی گەلاوێژ[8] دانراوە. گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، لە ڕووی زمان و ڕێنووسەوە، سیمایەکی سلێمانییانەی وەخۆ گرتووە و تا ڕادەیەکیش، ڕێنووسە کۆنە کوردییەکەی سالانی شێست و حەفتاکان، پێڕەو دەکات. پێڕەوکردنی ئەو نووسینە کۆنە و ئەو شێوەزمانە ناوچەییە، پتر کار دەکاتە سەر دوورکەوتنەوەی زاراوە کوردییەکان لە یەکدی، بەلام ئەوەش شتێک نییە، کە ئەوان بیری لێ بکەنەوە. ئەوەی کە جێی سەرنجە و لە نێو تەواوی ئەو کار و چالاکییە فەرهەنگییە باشانەی، کە لە کوردستان ئەنجام دەدرێن، دەستێک هەیە برەو بە هەرزەفەرهەنگیکی ڕۆژانەی سووک و چرووکی بازاڕیانەی خۆسڕەرەوە دەدات. دیارە کارگێڕییە کوردییەکەش لەو ڕەوشە بێئاگا نین، ئەگەر خۆیانی لێ گێل نەکەن و بە چاوپۆشینی خۆیان ئەنجام نەدرێت. ئێستا فەرهەنگی زۆر و بۆر لە کوردستان باوە، واتە گوێنەدان بە چۆنایەتی و گوێدان بە چەندایەتی. ئێمە دەبێ شتێکی گرنگیش لە بیر نەکەین، ئەویش ئەوەیە، کە دەرکردنی هەزاران ڕۆژنامە و گۆڤار پاروەنانێک ناکەنە دەم مرۆڤێکی برسییەوە، مەبەستم ئەوەیە خەلک هێندەی تامەزرۆی پڕکردنەوە و ئەنجامدانی پێویستییە ژیانییە ڕۆژانەکانیانن، هێندەیان پێویستی بە قسەی زلی زگتێرانی ڕۆژنامە و گۆڤاران نییە. لە کوردستان پارە و پوولێکی فرە بۆ دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و کاری ڕاگەیاندن خەرج دەکرێت، ئەوەش پتر بۆ خزمەتی حیزبەکان و دەسەلاتەکانە، کەچی زارۆک و بێوەژن و هەژار و لێقەوماوانی ئاوارە و پاشماوەی گازباران و ئەنفال و عەرەباندن، بۆ کولبە و کولانەیەک و بۆ ژەمەخۆراکێک و بۆ پۆشاکێک، بۆ چوولەیەک و باوەشێنێک کە لە سەرما و گەرما بیانپارێزێ و بۆ چۆڕێک ئاوی خاوێن و. . . بە دارا دەچن.

پلارهاویشتن و لاقرتێ:

لەنێو بلاوکراوەکاندا جاروبار بە نێوی گالتە و سوعبەتەوە، تانە و پلار لەم و لەو دەگیرێ، بەلام مەبەستەکەش هەر دیوەکەی دیکەیەتی و لە قینەوە دەگوترێ و دەنووسرێ. گۆڤارێکی گالتەجاڕیی و تەنزامێز بە نێوی "سیخورمە"، لە سلێمانی دەردچێت. وەک گۆڤار شتێکی چاک و عەنتیکە و خۆش و پێویستە و بۆ کوردیش تا ڕادەیەک شتێکی نوێیە. لە یەکێک لە ژمارەکانیدا دەلێ: "هەولێرە ماست. . ."، ئەمە وەک سووکایەتیکردنێک بە هەولێر. لەو بڕوایەدام ئەگەر هەولێر لە ژێر دەسەلاتی یەکێتیدا بووایە، ئەو گۆڤارە هەر چەندە هەر وا بیری دەکردەوە، بەلام وای نەدەنووسی. هەر لە هەمان گۆڤاردا و لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێ:

"سلێمانی شاری شیرینم ئەهلی شارت تیا نابینم". ئەمە بەلێ بە گالتەوە و وەک "کرماشان شاری شیرینم"ەکەی حەسەن زیرەک گوتراوە، بەلام دەربڕینی هەستێکی ناوەوەی نووسەرەکەی و کەمینە خەلکێکی بیرتەسکی شاری سلێمانییە، بەرانبەر دەیان هەزار ئاوارەی کەرکووک و گەرمیان و خانەقین و هەولێر و هەلەبجە و ناوچە و گوندەکانی دەوروبەری سلێمانی خۆی. ئەوە هیچ کە ڕۆژانە لەوێ دەیان سووکایەتی بەو خەلکانە دەکرێ و شتی

---

[8] گۆڤاری گەلاوێژ، کە سالانی 1939-1949 لە بەغدا دەردەچوو، عەلائەددین سەجادی و ئیبراهیم ئەحمەد، دەریان دەکرد. سەجادی نۆرەیەکی مەزنی تێدا هەبوو. وا پێدەچێ ئێستا ئەو لەبیر کرابێ و لەبەر خاتری ئیبراهیم ئەحمەد بەو ناوەوە دەربکرێ.

www.kurdistannet.org
20/07/2003 22:30

ناشیرینیان بە گوێدا دەدرێ، لێرەش لەم ئەوروپایە هەمان هەست لە لایەن خەڵکانێکەوە دەردەبڕدرێت، کە خۆیشیان لێرە و لە چاوی ئەوروپاییانەوە وا دەبینرێن[9].

کارگێڕی و باری سیاسی:

بێجگە لە هەردوو حوکوومەتی هەولێر (پارتیی) و سلێمانی (یەکیەتی) ، شاری هەڵەبجەش، کارگێڕییەکی تایبەتی خۆی هەیە، کە بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عیراق، سەرپەرشتیی دەکات. حوکوومەتەکانی سلێمانی و هەولێر، حوکوومەتگەلێکی عەلمانین، بەڵام کارگێڕیی هەڵەبجە، وەک دۆستێکم بۆی گێڕامەوە چونکە خۆم نەچووم بۆ ئەوێ، ئیسلامین و لەوێ سەیران و ڕەشبەڵەک و چۆپیکێشان-کە کورد بەوانەوە ماوە و هەر ئەوەیشی هەیە- و خواردنەوە قەدەغەیە. خەڵک دەبێ کاتی نوێژ دەست لەکار هەڵگرن و ڕوو لە مزگەوت بکەن. ئەگەر جاران باشووری کوردستان، یەک پارچە بوویێت، ئەمڕۆ چوار پارچەیە. ئەو سێ بەشە و بەشی چوارەمیشی –کە گرنگترین بەشیەتی- لە ژێر دەسەلاتی حوکوومەتی عیراقدایە. هەولێر و سلێمانی، لە سەردەمی حوکوومەتی عیراقدا، هەریەکەو پارێزگارێک، بەڕێوەبەری پۆلیسێک، بەڕێوەبەری پەروەردەیەک، سەرۆکی شارەوانییەک، سەرۆکی لەشساغییەک و. . . دەیانبرد بە ڕێوە. ئێستاکە هەریەکەو حوکوومەت و کۆمەڵێک وەزیر و سەرۆک وەزیران و دەیان بەڕێوەبەری لێیە. لە هەولێر پارێزگە و پارێزگاری سلێمانی –سەر بە پارتیی- هەیە و لە سلێمانییش پارێزگە و پارێزگاری هەولێر–سەر بە یەکیەتی- هەیە. لە هەردوو هەولێر و سلێمانی، پارێزگە و پارێزگاری کەرکووک هەن. لە باژێڕی کەرکووکیش، پارێزگە و پارێزگاری کەرکووک –سەر بە حوکوومەت- هەیە. وا باوە، کە لە تورکیاش، هەر لە مێژە، پارێزگە و پارێزگاری کەرکووک هەبووە و هەیە. واتە: کەرکووک چوار پارێزگاری هەیە و هیچ کامیشیان هێندەی ڕێزەیەک خێریان بۆی نییە و لە ئازار و دەردەکانی خەڵکەکەی تۆزقاڵێک کەم ناکەنەوە[10]. کەرکووکی قودسی کوردستانەکەی تاڵەبانی و دڵی کوردستانەکەی بارزانی، بە دەگمەن لە لایەن سیاسەتکارانی کوردەوە، باسی لێوە دەکرێت. ڕۆژانە خەڵکی کورد لە کەرکووک و خانەقین[11] دەردەکرێن و ئاوارەی کوردستانی بندەستی پارتیی و یەکیەتی دەبن، لەوێش تەنێ وەک ژمارە و هەواڵ و ئامار و پەراوێزێک، لە دەسگای ڕاگەیاندنەکانیاندا، باس دەکرێن و هیچی دی. ڕەنگە بۆ گرنگیدان بە مەسەلەی کەرکووک و گەرمیان، زێدەڕۆیی و ناوچەگەریەتی نەبێت، ئەگەر بڵێم پێویستە ڕێکخراوێک یا بزووتنەوەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت، وەک بزووتنەوەی ڕزگاریی کەرکووک یا هەر ناوێکی دیکە. لە نێوان کوردی دەڤەرەکانی بن دەسەلاتی کورد و کوردانی کەرکووک و دەڤەرەکانی بندەستی حوکوومەتی عیراق -بە هۆی نەبوونی پێوەندێکی پتەو و سەختیی هاتوچووە- دابڕانێک هەیە و تا ڕادەیەک ئەوڕۆ خەریکە بەیەکدی نامۆ دەبن، کە ئەوەش بە زیانی کوردەکە دەشکێتەوە. حوکوومەتی هەولێری سەر بە پارتیی، بە هۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی

---

[9] شەوێکی یەکشەممە، پاش سەعات یازدە، ڕاکشابووم و گوێم لە ڕادیۆی کوردی "پەنجەرە"، کە کاک بارزان شاسوار لە ستۆکهۆڵم بەڕێوەی دەبرد، دەگرت. کاک بارزان گفتوگۆیەکی لەگەڵ کاک هیوا قادری شاعیردا دەکرد. کاک هیوا تازە لە سەفەرێکی کوردستان گەڕابووە و باسی سلێمانی بۆ بیسەران دەکرد. بە وشەی شاعیرانە و جوان و دەنگێکی ناسک و خۆش، باسی باری فەرهەنگی و چی و چی کرد و لەپڕ هەستی سلێمانیچێتی بەرز بووەوە و تورنی دەنگی گۆڕا و بە دەنگێکی خەمین و ئازاردارەوە گوتی: "کاک بارزان بەڵام شاری چی، کوا شار وەک جاران ماوە، کوا خەڵکی شاری تێدایە، شار ئێستا پڕە لە لادێیی و لادێیی داگیری کردووە". ئەمە بێ ئەوەی باسێکی ئەوە بکات، کە ئەو لادێییانە کێن و بۆچی هاتوونەتە سلێمانی و پاشخانێکی ئەنفال و عەرەباندن و کەرکووک - زۆرجاران لە سلێمانی بە کەرکووکییەکان دەڵێن: مسری، مانگای هۆڵەندی- و خانەقین بگێڕێتەوە. ڕێک وەک ئەوەی ڕەگەزپەرستێکی ئەوروپایی باسی ئێمەومانان، یا ئێرانی باسی ئەفغانی و عیراقی، یا عیراقی باسی مسری(جاران)، یا لوبنانی و ئوردونی باسی فەلەستینی بکات. ئەمەش ئەگەر جۆرێک لە ڕاسیزم نەبێت دەبێ چی بێت؟

[10] لە کەناری یەکێک لە شەقامەکانی سلێمانی، کابرایەکی تەزبێح و موور و وردەواڵەفرۆش دانیشتبوو. ویستم هەندەک وردە شتی لێ بکڕم. دوای قسەکردن، دەرکەوت کابرا کەرکووکییە. داخێکی زۆری لەدڵدا بوو و هێندەی دنیایەک لە ڕەوشی خۆی و ماڵ و منداڵی و حاڵ و گوزەرانی کەرکووکییانی ئاوارە بێزار بوو و جەختی لەسەر ئەوە دەکرد، کە هەردوو زلحیزبە کوردییەکە، کەرکووکییان و گەرمیانییان بە کوشت دەدەن و بەکار دەبەن و بەرهەمی شەڕەکانیشیان خەڵکی دیکە دەیخوا و گەرمیانی و کەرکووکییانیش تەنێ ماڵوێرانییان بۆ دەمێنێتەوە.

[11] ئێستا ناوچەی مەخمووریش چووەتە ڕیزی کەرکووک و خانەقین و شەنگارەوە و ئەویش وا کوردبڕ دەکرێت.

کوردستان (پەرلەمان) ەوە، کە کۆمەڵێک حیزبی دیکەی بێجگە لە پارتیی تێدایە، هەڵبژێردراوە و دانراوە، وەلێ ئەو حوکوومەتەی سلێمانیی سەر بە یەکێتییە، پەرلەمان هەڵینەبژاردووە، چونکە سلێمانی پەرلەمانی لێ نییە، بەڵکە هەر بە بڕیاری سەرکردەیەتی یەکێتیی خۆی دانراوە. واتە: چ بنەمایەکی قانوونی نییە، هەر لەبەر ئەوەش، خەڵک نێوی حوکوومەتی "فەل- بە عەرەبی: فل"یان لێ ناوە. وشەی "فەل" بۆ خواردنەوە و بە تایبەت "عەرەق" و "بیرە" بەکار دەبرێت. واتە: "عەرەقی کراوە"یا "بیرەی کراوە"[12] یا بیرەی نێو پووت (بەرمیل) نەک سەرمۆر. مەعرووف جیاووک، کە کوردپەروەر و رووناکبیرێکی کوردی نیشتەجێی بەغدا بوو، لەمەڕ ئەندامەتی خۆی لە پەرلەمانی عیراقدا دەڵێ: "گەیشتن بە ئەندامێتی پەرلەمان لەم وڵاتەدا کارێکی هاسان نییە. ئەو کارە پێویستی بە وەئەستۆگر و پشت و پەنا و پارێزەوەیەک هەیە. هەروەها پێویستی بە پێشکەشکردنی بەڵگەنامە و بەڵێندان هەیە، بۆ ئەوەی حوکوومەت بڕوام پێ بکات و لیم دڵنیا بێت، کە من دژ بە سیاسەتی وی نیم"[13]. دیارە پەرلەمانی کوردستانیش – ئەمەی ئێستای هەولێر یا ئەوەی پێش 31 ئابی 1996 پەرلەمانەکەی زەمانی فیفتی فیفتییەکە، یا ئەوەیش کە دواتر دێت- هیچ لەو پەرلەمانە عیراقییەی سەردەمی پاشایەتی و هیچ لەو پەرلەمانانەی، کە ئەورۆ لە جیهاندا هەن، باشتر و کاراتر نییە. ئەندامانی تەنێ ئیمزا دەکەن و بۆ هەموو شتێک ملکەچی سەرکردەیەتی حیزبەکانی خۆیانن، بە کوردییەکەی دەستەی "ئەشهەدوبیللا"ن و تەنێ بەگرێی ملدا دەدەن و خێڵی "موافج"ن[14] و بە موو لە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی خۆیان لادەن و سەرباری ئەوەش مووچەیەکی فرە و مفت وەردەگرن و چاکیشی دەگوزەرێنن. ئەگەر لە نێوان کارگێڕیی هەولێر و سلێمانیدا بەراوردێکی خێرا بکرێت، ئەوەی سلێمانی پتر لە دەسەڵاتی حیزب و میلیشیا و هێزی چەکدار دەچێت، وەلێ ئەوەی هەولێر-هەرچەندە لەوێش هەر حیزب دەسەڵاتدارە- تا ڕادەیەک لە حوکوومەت دەچێت. شێوەی کارکردنی کارگێڕییەکان بە بەراورد لەگەڵ شوێنانی دیکەدا، گەلەک سەیرە. کاتژمێر 8ی بەیانی تا کاتژمێر 13ی پاش نیوەڕۆ یا تا کاتژمێر 14ی پاش نیوەڕۆ. زۆربەی کاتی کارمەندانیش بە کۆبوونەوە و چای و قاوە خواردنەوە و پێشوازیی میوان و سەردان و دیدەنی دۆست و هاوڕێیان بەسەر دەچێت. لە ماوەی ئەو 4-5 سەعاتەی کاردا، ئەگەر 3 سەعاتان کار بکەن، باشە. ئەمە بۆ وڵاتێکی تازەچێبوو و دارەدارەکەر، کارێکی یەکجار چەوت و زیانبەخشە. بێجگە لەوەی، کە کاتی کارکردن کەم و کورتە، کاری خەڵکەکەش بە ڕێکی ناڕوات. ئەوەی کارمەند نەناسێت و حیزب کۆمەکی نەکات و دەوڵەمەند نەبێت و واسیتەی نەبێت و بەرتیل نەدات، هەرچەندە دەشلێن: قانوون لە سەرووی هەمووانەوەیە، کاری بۆ ناکرێت و هەموو کارەکانی دوا دەکەون و بە ئەنجام ناگەن. کاری ڕۆژێکی بۆ دەکرێتە ساڵێک و هەر ئەمسەر و ئەوسەری پێ دەکەن. حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، لە هەولێر و سلێمانی گەلەکن. زۆربەی حیزبەکان لە هەردوو لا هەن و بۆ خۆیشیان بە هەمان ناوەوە کار دەکەن. ئەگەر حیزبە ڕەسەنەکە لە هەولێر بێت، ئەوا فۆتۆکۆپییەکەی لە سلێمانییە

---

[12] وشەی فەل(فل) و عەرەقی فەل، بۆ ئەو عەرەقە بە کار دەبرێت کە لە شووشەی سەرمۆردا نییە. عەرەقێکە نە لە کارگە و نە ماشینی دروست دەکرێت. لەماڵاندا و بە شێوەیەکی سەرەتایی بە قاچاخ دروست دەکرێت. کاتی خۆی لە دەوروبەری دەڤەری بەعقووبەی عیراق لەو جۆرە عەرەقە دروست دەکرا، بە نێوی "عەرەقی هبهب، بە عەرەبی: عرق هبهب". ئەو عەرەقە "ئەبولکەلەبچە: أبوالكلبچە"یشی پێ دەگوترا، چونکە ئەوەی کە دەیفرۆشت و ئەوەیش کە دەیخواردەوە و سەری گەرم دەبوو و دەستی دەکرد بە قسەی ناجۆر و کاری ناجۆر، ئیدی دەگیران و دەخرانە زیندانەوە. زۆرجاران ئەوە ڕووبەڕووبوونەوەیەک بوو دژی دەسەڵات. عەرەقی عەنکاوەی لای خۆیشمان هەر بە عەرەقی فەل دەژمێردرێ. بیرەی فەل بەسوێدی دەبێتە " Fatöl" و بە فارسییش دەبێتە "ابجو بشکە" و بە ئینگلیزی دەبێتە "Draught beer".

[13] جیاووك، معروف، نیابتي في(1928-1930)، مطبعة الزمان، بغداد 1937، ص11.

[14] لە سەردەمی پاشایەتیدا لە عیراق، ئەندامێکی پەرلەمان بە نێوی شێخ موحەممەد ئەلعرێبی "شيخ محمد العريبي"، هەبووە، کە هەمووجار لە کاتی کۆبوونەوە و دەمەتەی پەرلەماندا نووستووە. کە کات هاتووەتە سەر ئەوەی بڕیار لەسەر شتێک بدرێت و دەنگدانی بۆ بکرێت، سەرۆکی پەرلەمان لێی پرسیوە، کە شێخ عرێبی چ دەڵێ و ڕای چییە؟ ئەویش کە لەخەو ڕاچڵەکێنراوە، یەکسەر دەستی بەرز کردووەتەوە و گوتوویەتی "موافج، واتە: موافق، بەعەرەبیی عیراقی و بە کوردییش دەکاتە: ڕام لەسەرە، لەگەڵم، باشە".

و یا بە پێچەوانەوە. بۆ نموونە حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان[15]، کە لە سلێمانی و لە هەولێریش هەیە، ئەوەی سلێمانی خۆی بە ڕەسەن دەزانێت و ئەوەی هەولێر بە فۆتۆکۆپی دەداتە قەڵەم. هەندەک حیزبیش هەن، کە سەرتاسەرین، واتە: ڕەسەن و فۆتۆکۆپییان نییە، بەڵکە هەر ڕەسەنن و لە هەردوو لا ڕێکخستن و خەڵکی خۆیان هەیە. نموونەی ئەو حیزبانەش ئەمانەن: بزووتنەوەی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، حیزبی شیووعیی عیراقی، حیزبی شیووعیی کوردستانی عیراق، پارتیی کاری سەربەخۆی کوردستان، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق و پارتیا کارکەرێن کوردستان (پ. ک. ک) . بەڵام (پ. ک. ک) لە دەڤەری قەڵەمڕەویی پارتیی قەدەغەن و لەگەڵ پارتییدا لە جەنگدان، دیارە مادام نێوانی ئەوان و پارتییش خراپە، ئەوا دەبێ لەگەڵ یەکیەتیدا نێوانیان خۆش بێت، کە هەر وایشە. لە سلێمانی و لە بازاڕدا، خەڵکم دەبینی جلکی کوردیی (ڕانکوچۆغە) یان دەفرۆشت و لە کەللەی سەر هاواریان دەکرد و دەیانگوت: ڕانەکە پەکەکە، چۆغەیە پەکەکە، دەستەجلە پەکەکە، شۆڕشگێڕە پەکەکە، ئەمە وەک نیشانەیەک بوو بۆ توانستی ئەنجامدانی چالاکیی پەکەکە لە دەڤەرەکەی یەکیەتیدا. لە جێژنێکدا لە سلێمانی بۆ بەیعەتدان بە جەلال تاڵەبانی، نوێنەری 23 حیزب، کە هەر هی ئەو شارەن، ئامادە بوون و قسە و باسی خۆیان دەکرد. بێگومان لە هەولێریش هێندەی لێیە ئەگەر پتریش نەبن، بەڵام لە ناوچەکانی ژێردەستی پارتیی، یەکێتی ڕێگەی کارکردنی ئاشکرای نییە و ناتوانێت کار بکات و لە ناوچەکانی ژێردەستی یەکێتیش، پارتیی ڕێگەی کارکردنی ئاشکرای نییە، لە کاتێکدا کە هەموو حیزبەکانی دیکە و لە هەردوو ناوچەکاندا مۆڵەتیان هەیە و بە ئاشکرا کار دەکەن. من لەو بڕوایەدام، کە ئەو هەموو حیزب و میزب و شتگەلە، زیادەن و ئەوانە پتر ڕۆڵی فرۆشگە دەبینن و خێریان بۆ ئەندام و لایەنگرانی خۆیان نەبێت، بۆ هیچ کوردێکی دیکە خێریان نییە. ڕەنگە وەک ڕیزپەڕێک بتوانین باسی یەکگرتووی ئیسلامی بکەین، کە هەندەک نەخۆشخانە و تیمارخانەیان هەیە، کە بێ پارە و بە مفت یا زۆر هەرزان و هەموو کاتێک تیماری خەڵکی نەدار دەکات. ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم لەگەڵ بوونی هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و دروشمە زەقانەی نێو باژێڕەکانی کوردستان و ڕۆڵی فەرهەنگییان (ڕۆشنبیران) لەو بابەتە باسانەدا، هێشتا ئەو بزاڤە سیاسییانەی کوردستان سیما و سروشتێکی هۆز و خێلەکیەتییان پێوە دیارە. خەڵکی کورد پتر پێویستی بە بزاڤ و ڕێکخراوی گەلێر و گشتی و سەندیکا و جەماوەرییە، بۆ گۆڕینی شێوەی بیرکردنەوە، باری جڤاکی، ئابووری، سیاسی و هەموو لایەنەکانی تر.

هەڵاتنی خەڵک بۆ دەرێی کوردستان:

لە مالان، لە جادە و کووچە و کۆڵانان، لە چایخانان، لە گەراجان، لە زۆر شوێن و جێگە، هەر کە زانرا لە هەندەرانەوە هاتووی، ئیدی شەپۆلی پرسیار ڕووت تێ دەکەن، لەمەڕ ئەوەی چۆن خۆیان بگەیەننە هەندەران. ئەو پرسیار و لێگەڕان و وردەکارییانە، پتر لە لاوەکانەوە بەرەوڕووی دەبیتەوە. زۆربەی ئەو خەڵکەی ئەوێ، ئەگەر بۆی بکرێ و بۆی بلوێ، ئەوا بە هەر شێوەیەک بێت، کوردستان بەجێ دەهێڵێ و خۆی دەگەیەنێتە ئەوروپا. ئەوەی جاران خەڵک باسی دەکرد و بە لایەوە گرنگ بوو –وڵات، خاک، بیروباوەڕ، نەتەوە، ئایین، شۆڕش، خزم و. . . – ئەمڕۆ پووڵێکی قەڵپ ناکات و باوی نەماوە. کارین یەس، دەڵێ:"مرۆڤ دەتوانێ چەندی بڵێی بەهێز بێت و خاوەنی باشترین مەبەست بێت و بڕیاریشی دابێت، لە جیهاندا شتێک ئەنجام بدات، بەڵام هیچ شتێک نییە، وەک بێکاری، خێزانێک، بە خێرایی تێکشکێنێت و هیچ شتێکیش وەک دەرککردن بەوەی، کە مرۆڤ توانستی بەخێوکردن و ژیاندنی مندالەکانی خۆی نییە، بڕوابەخۆبوونی مرۆڤێک دانارزێنێت"[16]. ئەم حاڵەتە لە کوردستان وەدی دەکرێت و هەیە، بەڵام ئەوانەی کە کوردستان جێدەهێڵن و ڕوو لە هەندەران دەکەن، ئەو جۆرە کەسانە نیین، بەڵکە خەڵکانێکن دارایی و سامان و توانستی ئەوەیان هەیە، پارە و پووڵ مسۆگەر بکەن و بیدەنە قاچاخچی

---

[15] لە ئەوروپا کە زێد و لانکی ئەم جۆرە حیزبانە و بیروباوەڕەکانیانە، پێیان ناگوترێ، سۆسیالیست دیموکراتی، بەڵکو دەگوترێ سۆسیال–دیموکرات یا سۆشیال–دیموکرات، بە گوێرەی زمانی فرانسی و ئیسپانیۆلی و ئینگلیزی.

[16] کارین یەس، سەرۆکی ڕێکخراوێکە لە لۆس ئەنجلس، کە دژی بەنگ کار دەکات.

و خۆیان بگەیەننە هەندەران. ئەوەی دەگاتە هەندەران ئەگەر هەر هیچی خەرج نەکردبێت، ئەوا بە لای کەمەوە 5 -6 هەزار دۆلاری ئەمەریکی خەرج کردووە. بەشێکی زۆری ئەو خەڵکەش کە لە وڵاتەوە دەردەچن، بە کۆمەک و هاندان و نەخشەی خزم و کەسوکاریانەوە لە هەندەران، دەگەنە هەندەران[17]. فرەجار ئەو خزم و کەسانە، هەندەران لە بەر چاوی ئەوانەی وڵات دەکەنە بەهەشت و وای دەخەملێنن و دەڕازێننەوە، کە لیک بە دەم ئەوانەی وڵاتدا دەهێنێتە خوارێ.

تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، مۆسیقا و گۆرانی:

لە هەردوو پێتەختەکانی سلێمانی و هەولێر، چەندین وێستگەی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆیی هەن. تەلەڤزیۆن و ڕادیۆیەکانی کوردستان هەر یەکەو سەر بە حیزب و ڕێکخراوێکە و پتر بیر و بۆچوونی ئەو ڕێکخراو و حیزبانە پەخش دەکەنەوە. نەک هەر یەکێتی و پارتیی –کە فەرمانڕەوان- حیزبەکانی دیکەش ئەوانەیان هەیە. زۆرجاران لەو تەلەڤزیۆنانەوە فیلم و پرۆگرام و گۆرانیگەلێکی بیانی پێشان دەدرێن، تەنانەت وەرگێڕانە سوێدی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و فرانسییەکەی بە سەرەوەیە، بە گوێرەی ئەوەی ئەو فیلم و پرۆگرامانە لە چ وڵاتێکی ئەورووپاییەوە براونەتەوە کوردستان. گۆرانی و مۆسیقای بیانی لەو تەلەڤزیۆنانەوە زۆر لێدەدرێن. لە بازاڕ، چایخانە، تاکسی، ئۆتۆمبیل، هوتێل، چێشتخانە، خۆشاو و شیرینیخانەکاندا، بە زۆری مۆسیقا و گۆرانیی بیانی لێدەدرێن و دەبیسرێن و بە دەگمەنیش ستران و مۆسیقای کوردی لێنادرێن. مۆسیقا و گۆرانی عەرەبی، تورکی و فارسی زۆر باون. لە هەولێر سواری تاکسییەک بووم، کابرای ڕانەر، کاسێتێکی عەرەبی لێدەدا، کە دەنگی ژنێک بوو، پرسیاری ناوەکەیم لێکرد، گوتی: "ئەوە مەیادە عەنناویە[18] ماموستا"[19]. دیار بوو ئەو حەنناوییە زۆر بەناوبانگ بوو، چونکە لە گەلێک شوێن دەنگی دەبیسرا. لە تاکسییەکی دیکەدا لە هەولێر دەنگی گۆرانیبێژێکی دیکەی عەرەبم گوێ لێ بوو، کاکی ڕانەر، گوتی:"ئەوە دیانا عەددادیە". واتە: دایانا حەدداد. نێوی سەمیرە سەعید و کازم ئەسساهیر و ئەوانەش لە هەموو کوڕ و کۆمەڵێکدا بەرگوێ دەکەون. لە خۆشاوخانەیەکی سلێمانی کاسێتێکی گۆرانیی تورکی خرابووە سەر و هێندەی دەنگ درابوویە، لەو دەوروبەرە هەمووی دەبیسرا. لە کابرای خاوەن شوێنەکەم پرسی، کە بۆ دەنگی ئەو گۆرانییە تورکییەی وا بەرز کردووەتەوە، گوتی:"خەڵک حەزیان لێیە". گوتم: خۆ خەڵک هیچ لەوە تێناگەن. گوتی:"ئەوەیان بەسە کە ئەوە هی خاریجە". واتە: تورکیاش لای ئەو خەڵکە بووبووە خاریج. سلێمانی پێش ساڵانی دەسەڵاتی کوردیی هەرگیز گۆرانی و مۆسیقای تورکی تێدا لێ نەدراوە، مەگەر خەڵک بۆ خۆی لە ماڵاندا گوێی لێگرتبێت، دەنا لە شوێنە گشتییەکاندا نەبووە، وەلێ ئێستا ئیبراهیم تاتلیسز و . . . نێوگەلێکی ناسراون لەوێ. عەرەب قسەیەکیان هەیە دەڵێ:"اغاني الحي لا تطرب: گۆرانییەکانی گەڕەک مرۆڤ هەڵناپەڕێنن". ئەو ڕەوشە کارێکی وای کردووە و دەکاتە سەر خەڵک، کە بەرەبەرە مۆسیقا و گۆرانی کوردیی بە بێتام بزانن و گوێی لێ نەگرن و گرنگیی پێ نەدەن و چێژیی لێ وەرنەگرن. خەڵک و بەتایبەت نەوەی نوێ و لاوانی پاش 1991ی دەسەڵاتی کوردی، گۆرانیبێژانی کوردی خۆمان ناناسن و مەیلیشیان بۆیان نییە. هەر بۆیەش دەبینین چەندین مۆسیقای نارەسەن و لاواز و بێبایەخ و بێتام و شێوێنەری بە ناو "کوردی" هاتوونەتە نێوانەوە و لە

---

[17] خزم و کەسوکار و دۆست و برادەر پارەیان بۆ دەنێرنەوە. پارەی قاچاخچییان بۆ دەدەن. پاسپۆرتی خۆیانیان بۆ دەنێرنەوە و پێیان دەیانهێنن. بە ناوی شووکردن و ژنهێنانەوە، خوشک لە برا، کچ لە باوک، دایک لە کوڕ، پوور لە برازا، برازا و خوشکەزا لە مام و خاڵ و...مارە دەکەن و بە ناوی ژن و مێردەوە و بە ڕەسمیی دەیانگەیەننە هەندەران. بە ئۆتۆمبیل دەچن بە شوێنیاندا و دەیانهێنن. ژنەکوردێکی دانیشتووی سوێد، وەک بەڵگەیەک بۆ ناردنەوەی پاسپۆرت بۆ کوردستان و هێنانی خەڵک بە قاچاخ و ناوی ساختەوە، لە تەلەڤزیۆنی سوێدەوە، پۆلیس قسەیان لەگەڵدا دەکرد و تەنێ دەنگی دەبیسرا و وێنەیان پێشان نەدەدا، لە ماوەیەکی کەمدا و بە بیانووی بزربوونی پاسپۆرتەوە، سیازدە جاران پاسپۆرتی نوێی لە پۆلیس وەرگرتبوو. خەڵکانێک لێرە لەم سوێدە، کە شەووڕۆژ و هەردەم دەهۆڵ و لافی چەپایەتی و مارکسایەتی لێدەدەن، نەک تەواوی خانەوادەکەیان، بەڵکە نیوەی خێڵ و شارەکەی خۆیانیان گەیاندووەتە سوێد.

[18] لە هەولێر"ح" دەبێتە"ع" و "ع" دەبێتە"ح"، ئەو هەڤاڵە مەبەستی ئەوە بوو کە ئەو گۆرانیبێژە "مەییادە حەنناوییە".

[19] وشەی ماموستا لە هەولێر زۆر باوە و بە هەمووکەسێکی پانتۆڵ لەپێ، دەگوترێ ماموستا.

www.kurdistannet.org
20/07/2003 22:30

بازاڕدا هەن و لە هەموو کتێبفرۆشی و سەرجادەیەک و شوێنێکدا، وێنەی ئەکتەر و سترانبێژانی تورک دەفرۆشرێن. بێجگە لەو تەلەڤزیۆنە کوردییانە، تورکیاش بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بێڕەوشتی و بەرەڵایی و خراپە، چەند کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ڕووت و پۆڕنیشاندەر، ئاراستەی کوردستان دەکات و لە زۆر جێگەش زۆر بە هاسانی وەردەگیرێت. ئەوەش بەبەرچاوی بەرپرسانی کوردەوە و بە پێزانینی ئەوان و بێئەوەی دژەکارێکی بەرانبەر ئەنجام بدرێ.

پەیکەر و ناوی جاددە و مەیدانان:

لە کوردستان چی لە پەیکەر زۆرترە؟ پەیکەر بۆ کێ نەکراوە؟ لە سلێمانی پەیکەری ئاسۆی دەلاک و شێخ مەحموود و بێکەس (باوک) و پیرەمێرد و ئارام و جەمالی عەلی باپیر و دەست و دەساڕ و. . . کێ و کێ و چی و چی هەن، بەڵام پەیکەری گۆران نییە! لە هەولێر پەیکەری هەژار و مووسا عەنتەر و. . . هەن و لە مەیدانێکدا، پەیکەرێکی شێخ مەحموود کراوە، لە هەموو کەسێک دەچێت، لە شێخ مەحموود نەبێت. بچکۆلە و وردیلە، حەق وابوو نێوی "شێخ خولە"یان لەبری شێخ مەحموود لێ نابا[20]. سەرباری ئەوەش، سواری شتێک کراوە، بە حیساب ئەسپە، وەلێ بە بڕوای من نەک هەر ئەسپ نییە، لە ڕەگەزی کەرە چاکەکانی "حەسساوییە"[21]ش نییە، بەڵکە کەرێکی خوێرپلەیە و هیچپتر. بەڕاستیی ئەوە ناحەقییەکە بەرانبەر شێخی گەورە، ئەو شێخ مەحموودە سوارچاک و مێرخاس و ڕێبەرە کراوە و، شێخ دەبوو پەیکەری بە گوێرەی مەزنیی خۆی بۆ بکرێت، کورد گوتەنی:" کالا بەقەد باڵا". نێوی خانمی میتران (دانیال میتران) و فرانسوا میتران، هەم لە هەولێر و هەم لە سلێمانییش، لە جاددە و چوارڕێ نراون، وەک ئەوەی، کە کورد لەو دووانە زیاتر کەسی دیکەی نەبێت. خانمی میتران و فرانسوای مێردی، هەر کارێکیان کردبێت، تەنێ بۆ قازانجی گەل و وڵاتەکەی خۆیان بووە. ئەوان ئەگەر جارێک نێوی کوردیان هانیبێت، بەرانبەر بەوە دەیان خزمەتی گەورەیان بە ڕێژیمی عیراق کردووە[22]، بەڵام مخابن سەرانی کورد و

---

[20] "خولە"، بچووککراوەی "مەحموود"ە، لەگەڵ تەواوی خۆشەویستی و ڕێزمدا بۆ شێخی نەمر، ئەو پەیکەرە پتر شایستەیە بە "خولە" ناوێکی لەڕ و لاواز و نەناسراو، نەک مەزنێکی وەک شێخ مەحموودی یەکەم شای کوردان.

[21] حەسساوییە(الحسّاويّة)، ناوچەیەکە لە عیراق و کەری ئەوێ بە ناوبانگە بە بەرزیی و گەورەیی و چوارپەل ئەستووریی و زلیی.

[22] دوای گازبارانی هەڵەبجە و شەهیدکردنیی ئەو شارە و کارتێکردنی تاوانەکانی ڕێژیمی عیراق لە وێژدانی مرۆڤایەتی و نێودەوڵەتیی و بەرزبوونەوەی دەنگیی نارەزایی و تووڕەی گەلانی جیهان، دەنگە دەنگ و هەرایەک لە جیهاندا بڵاو بووەوە، بۆ گرتنی کۆنگرەیەک لەمەڕ پشتگریی جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلی جنێڤی ساڵی 1925، کە بەکاربردنی چەکی کیمیایی تێدا قەدەغە کراوە. لە 7-1-1989دا، ئەو کۆنگرەیە، لە پاریس و بە کۆششی خانمی میتران کرایەوە. بە پێی ژیربێژی و واقیع و ڕاستیی، دەبوو کورد، کە لەشەخەڵتانخوێنەکە بوو و خوێنی لێ دەچۆڕا و بە دەستی ڕێژیمی عیراق هەزارانی لێ کوژرابوو، لەو کۆنگرەیەدا، کە شێوە دادگایەک بوو، ئامادەیی هەبێت و لەشی برینداری خۆی پێشان بدات، بەڵام بە پێچەوانەوە، 149 دەوڵەت بەشدارییان کرد و لەپێناوی سەرکەوتنی کۆنگرەکەشدا و بەشداربوونی دەوڵەتانی عەرەب، کە هەڕەشەی بەشدارنەبوونی کۆنگرەکەیان کرد، ئەگەر کورد ئامادەی بێت و بەگوێرەی سیاسەتی دەرەوەی فرانسە، کە ڕێژیمی عیراق بە دۆستێکی زۆر نێزیکی خۆی دەزانێت و پێوەندێکی ئابووریی بەهێزی لەگەڵیدا هەیە، خاتوو میتران، ئامۆژگاریی دۆستانی کوردی کرد، کە بە تەواوی لە کۆنگرە دوورکەونەوە و هیچ کارێکیش، وەک خۆپێشاندان و جڤین و خڕبوونەوە و هاتوهاواری ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە، کە دەبێتە هۆی سازکردنی کۆسپ لە ڕێگەی چالاکییەکانی کۆنگرەدا، ئەنجام نەدەن و نەبنە هۆی سەرێشەی ئامادەبووانی کۆنگرە و نەهێڵن چەند سەرگەرمێک خۆ بە ژووری کۆنگرەکەدا بکەن و غەدرلێکراویی و بێتاوانیی کورد بخەنە ڕوو. وەک گاڵتەجاڕی و سووکایەتیکردنێکیش بە کورد، کە بۆ خۆی بریندار و کوژراو بوو، عیراقی کوژەر و تاوانبار بانگهێشتی کۆنگرە کرابوو و وەزیری دەرەوەی عیراق ئامادەی بوو. بێگومان بەرژەوەندی فرانسە لە سەرووی بەرژەوەندی کوردەوە بوو و دۆستایەتی دانیال و میترانی مێردیشی لەگەڵ کورددا، سنووری خۆی هەبوو. کۆنگرەکە بە ئارامی و بەبێ ئامادەیی کورد، تەنانەت وەک چاودێریش، گیرا. ئەنجامەکەیشی لە کن کورد نەبێت، کە بە قسەی فرانسییەکانیان کرد، لەکن هەمووان چاوەنۆڕکراو بوو. کورد دەبوو ئەوە بزانن، کە ئەو کۆنگرەیە عیراق، نە بە نێو و نە بە ناڕاستەوخۆ، تاوانبار ناکات و کۆنگرەکەش تەنێ بۆ هێورکردنەوەی ڕای گشتیی جیهانی گیراوە. لەمەڕ ئەو مەسەلەیەوە، **بنۆڕە**: فتح الله، جرجيس، آراء محظورة في شؤون عراقية معاصرة، دارالشمس للطباعة والنشر، ستۆکهولم، 1994، ص 6-8.
**هەروەها بنۆڕە**: راندل، جوناثان، أمة في شقاق دروب كردستان كما سلكتها، ترجمة فادي حمود، دارالنهار للنشر، بيروت1997 ، ص291. **لە سەردەمی شۆڕشی ڕزگاریخوازی "ئەلجەزایر"دا، فرانسوا میتران، وەزیری نێوخۆی فرانسای کۆلۆنیالیست بوو. ئەلجەزایریش کۆلۆنی فرانسا بوو. فرانسوا میتران ئەو کاتە گوتوویەتی:"ئەلجەزایر فرانسایە.تەواوی ئەو خاکانەی، کە لە نێوان سنووری باکووری فرانساوە تا هەرێمی کۆنگۆ، لە باشووری درێژەهێڵ، هێڵی یەکسانی**(خط الإستواء) **درێژەیان هەن، هەموویان لە بن یەک قانوون و یەک پەرلەماندان و لە یەک نەتەوەیش پێک**

خەڵکانی خۆبەڕۆشنبیرزانی ئەوروپازەدەی کورد، ئەو شتانە بە هاسانی نابینن و بە وردیی ڕووداوەکان ناخوێننەوە. لە کاتێکدا کە لە سلێمانی وێنەی مەلا مستەفای بارزانی، نەک هەر هەڵناواسرێ و پەیکەری بۆ ناکرێ، بەڵکە قەدەغەیشە و خەڵکی لە سەر دەگیرێت. یەک دوو وێنەی بارزانی لە سلێمانی هەبوون، هی ئەو کاتەی یەکێتی و پارتیی پێکەوە فەرمانڕەواییان دەکرد، هەر دوای تێکچوونیان لەگەڵ یەکدیدا، یەکسەر درابوونە بەر دەستڕێژ و دڕێنرابوون.

ڕێکخراوە بیانی و خێرخوازەکان:

ڕێکخراوی بیانی و بەناو "خێرخواز"، هێندە لە کوردستان زۆرن، کە لە زۆر شوێن و جێگەدا، تابلۆی ناوەکانیان دەبینرێن. هەر ڕێکخراوێک لەوانە دەیان خەڵکی ئەوروپایی کاری تێدا دەکەن. بێجگە لەو ئەوروپاییانە، لەو ڕێکخراوانەدا، خەڵکی کوردستانیش کار دەکەن، پتر وەک وەرگێڕ و کارگەر و یارمەتیدەر و شۆفێر. بیانیگەلێک کە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا کار دەکەن و دەگەنە ولاتگەلێکی وەک کوردستان، باشترین ژیانێک دەژین. پارە بە دۆلار وەردەگرن و دۆلار لەو ولاتانەی ئێمەدا ئاگر دەکاتەوە. کە ئەوان دۆلاریان لە بەرکدا بێت، هەموو شتێک بۆ ئەوان هەرزانە و بەو پارەیش –نەک بە قسەی خۆش- مار لە کون و مەلا لە مزگەوت دێننە دەر. ئەوانە نەک هەر خۆشترین و بەتامترین خۆراک و خواردنەوە، بەڵکە ڕابواردن و مێبازی و هەموو لایەنێکی دیکەی ژیان بە پووڵێکی کەم مسۆگەر دەکەن. شۆفێرە بیانییەکانی ئەو ڕێکخراوانە بە هۆی دەستڕۆیشتووییانەوە زۆرجاران بۆ خۆیان شۆفێری ناکەن و لیی پاڵ دەدەنەوە و شۆفێری کورد بە کرێ دەگرن بۆ ئەوەی خۆیان بحەوێنەوە. هەر ڕێکخراوێکی ئەوروپایی، ئەگەر بە ناوی خێرخوازی و کۆمەک و ئەو شتانەوە هاتبن بۆ کوردستان، لە بنەمادا و بێ سێودوو و لە پەناوپێچی کارە ڕەسمی و ئاشکراکانیاندا، وەک نەریت، مەبەستگەلێکی دیکەی شاراوەیان هەیە: خڕکردنەوەی زانیاری لە بارەی ورد و درشتی جڤاکی کوردەوە، باری سیاسی، ئابووری، ئایینی، فەرهەنگی، زمان، نەریت، سەربازیی، هۆز وخێڵ و. . . هەموو شتێکی دیکەشەوە، گەیاندنی ئەو زانیارییانە بە دەسگا جاسووسی و نهێنییەکانی ولاتانی خۆیان و بلاوکردنەوەی ئایینی عیسایی، بەشگەلێکی شاراوەن لە بواری کارەکانیان. ئەم جۆرە کارانە بەشێکن لەو کارانەی، کە ڕۆژهەلاتناسان دەیانکرد و دەیکەن، کە ڕاشکاوانەتر کاری جاسووسی و ڕاپۆرتنووسین بووە، بۆ سوود و قازانجی ولاتانی خۆیان. بارەگای سەرەکی تەواوی ڕێکخراوە بیانییەکان، کە لە کوردستانن، چ هەولێر و چ سلێمانییش، لە "عەینکاوە"ن، چونکە عەینکاوە، ناوچەیەکی مەسیحییە و ئەو ڕێکخراوانە پتر لەگەڵ ئەواندا دەگونجێن. ئەو ڕێکخراوانە هەوڵ دەدەن ئینجیل لە نێو خەڵکدا بلاو بکەنەوە و ئاکار و ڕەوشتی مەسیحییانە فێری خەڵک بکەن. لە ڕۆژانی11، 10، 9ی حوزەیرانی 1996، بە سەرپەرشتیی کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی، سەرۆک وەزیرانی حوکوومەتی هەرێمی کوردستان[23] و لە ژێر دروشمی "یادی ڕابوردوو دەکەینەوە، بۆ ئەوەی داهاتوو بنیات بنێین"، بلاوکراوەی "دەنگی کتێبی پیرۆز" واتە: ئینجیل، کۆڕێکی فەرهەنگیی، لە هۆڵی میدیا لە هەولێر و بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆری بانگهێشتکراو، ساز کرد، بۆ دەمەتەقەکردن لەمەڕ ئەم بابەتانەوە:

1. نیشانەکانی ڕێبەری سەرکەوتوو، دۆکتۆر ستیڤن مانسفیلد.
2. کورد لە تەورات و ئینجیلدا، مامۆستا دۆگلاس لایتین.
3. داد لە کتێبی پیرۆزدا، دۆکتۆر میک ئەنتیناتیس.

لەو کۆڕەدا ویستوویانە بیسەلمێنن، کە کورد پێش ئەوەی ببێتە ئیسلام، مەسیحی بووە. مەبەستیان لە یادکردنەوەی ڕابوردوو، یادکردنەوەی مەسیحییەتی کوردە و بەوەش دەیانەوێ داهاتوویەکی مەسیحییانە بۆ کورد بنیات بنێن و

---

هاتوون". ئەگەر کوردستانیش -یا هەر گەلستان و نەتەوەستانێکی دیکەیش- کۆلۆنی فرانسا بووایە، گومان لەوەدا نییە، کە فرانسوا میتران هەمان قسەی لەمەڕ ئەویشەوە دەگوت.

[23] تا 31-8-1996 کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی، سەرۆکی حوکوومەتەکەی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان بوو لە هەولێر و دوای ئەوەش هەولێر کەوتەوە دەست پارتیی و یەکێتی لە هەولێر وەدەرنران.

کورد بمەسیحێنن[24]. سەیر ئەوەیە وەها چالاکییەک، سەرۆکی حوکوومەتی کوردیی بۆ خۆی سەرپەرشتیی دەکات و بێگومان دەستخۆشیی لە هەڵسووڕێنەرانیشی دەکات. دیاردەیەکی لەوە دزێوتر، کە خەریکە کوردستان دەتەنێتەوە و هەر پێوەندی بە مەسەلەی مەسیحییەتەوە هەیە، گرنگیدان و ئاهەنگگێرانی سەری ساڵی مەسیحی و جەژنی لەدایکبوونی عیسایە. ئێمە هەموو دەزانین ئەمە چ پێوەندیێکی بە وڵاتانی ئێمە و گەلانی ئێمەوە نییە. ئەگەر مەسیحیگەلی کوردستان و عەرەبستان و فارسستان و. . . ئەو جەژنە بگرن، ئەوا مافی خۆیانە، وەلێ سەرگەرمکردنی خەڵکی موسوڵمانی کورد بە هۆی تەلەڤزیۆن و ڕاگەیاندن و ئەوانەوە بە باسی سەری ساڵ و شایی سازکردن و خۆشی دروستکردنی دەستکرد و هێنانی بابانۆئێل و. . . ، کارێکی یەکجار نابەجێیە و گەلەکیش لە نەریت و سروشتی جڤاکی کوردەوە دوورە. لە ئەورووپا کە ئەو کارانە دەکرێن، پتر مەسەلە بازاڕ و فرۆشتن و بازرگانی و کڕین و پارەیە. لە کوردستانێکی هەژاردا، چ پێویستە خەڵکەکەی ئێمەش "هێلکەی قاز بکات". بەرپرسانی بێبەرپرسیی وڵاتی خۆمان لێناگەڕێن کوردەکە بە دەردی خۆیەوە خەریک بێت و دەیانەوێ بە تۆبزی بیئەورۆپێنن.

قاچاخ و بازاڕ و باری ئابووری و چینایەتی:

فەرمانڕەوایانی کوردستان (پارتیی و یەکیەتی) ، کوردستانیان کردووەتە بازاڕێکی گەورە و کراوەی ئازاد. لە تورکیا و ئێران و عیراق و وڵاتانی کەنداو و ئوردونەوە، هەر کاڵایە و شتە و خۆی بە کوردستاندا دەکات. بازرگانانی گەورە و پارەداران، کە فەرمانڕەوایانی وڵاتیش یارمەتییان دەدەن و بەشدارن لەگەڵیاندا، بە ئارەزووی خۆیان دێن و دەچن و دەکڕن و دەفرۆشن و خاوەنی بازاڕن. کەرتی تایبەتیی لە کوردستان، لەسەر حیسابی کەرتی گشتیی، گەشە دەکات و پێش دەکەوێت. وڵات پتر بەرەو پەرەسەندنی بۆرژوازی و سەرمایەداری دەچێت و جیاوازیی چینایەتییش تا دێت، خویاتر دێتە بەرچاو و چینی هەژاریش تا دێت لە زیادبووندایە. دەوڵەمەندانێک پەیدا بوون، کە سەریان لە زۆریی پارە و پووڵی خۆیان دەرناچێت. بێگومان هەموو دەوڵەمەندییەکیش لە سەر حیسابی خەڵکە هەژارەکە دەبێت و لە تەنیشتییەوە وەک ئیمام عەلی دەڵێ، مافێکی بزرکراو هەیە"مامن نعمة موفورة إلا وبجانبها حق مضاع". جیاوازییەکان هێندە زل و زەق و لەبەرچاون، مرۆڤ پێی سەیرە، چۆن کەسێکی برسی و نەدار، کە لە ماڵی خۆیدا خۆراکی دەست ناکەوێت، وەک ئەبی زەرئەلغەفاری (أبي ذر الغفاري) دەڵێ:"إني لأعجب من شخص لا يجد في بيته قوتا، كيف لا يخرج الى الناس شاهرا سيفه"، دەست ناداتە شمشێر و ناچێتە دەرێ و پەلاماری خەڵک نادات. گەشەسەندنی کەرتی تایبەت، دەکاتە پێگەیشتنی چینێکی بۆرژوازی، کە ڕەنگە ببێتە هۆی پەیدابوونی هەندەک کار و پەیدابوونی هەندەک پرۆژە، بەڵام زۆرینەی ئەو پرۆژانە بازرگانین و بە مەبەستی هەرچی زووتر قازانجکردن و گیرفانپڕکردن و دەوڵەمەندبوونەوە دێنە ئاراوە. دەوڵەمەندبوونی ئەو چینە بۆرژوازییە بازرگانییە، هیچ جۆرە کاریگەرییەکی ئەرێنی ناکاتە سەر خەڵکی هەژار و نەداری خوارەوەی کۆمەڵ، بە پێچەوانەوە ئەو خەڵکانە پتر زیان دەبینن و تا دێت هەژارتر دەبن. دەبوو ئەو کار و بوارانەی، کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە خەڵکەوە هەیە، وەک هاتوچۆ و گواستنەوە و تەلەفۆن و نەخۆشخانە و. . . لە ژێر چاودێری کەرتی گشتیدا بووایەن. بەڵام گیروگرفتەکە لە کوردستان ئەوەیە، کە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی، تێکەڵ و پێکەڵن، چونکە هەر دەسەڵاتداران بۆ خۆیان ئەگەر بە تەواوی خاوەنی کەرتە تایبەتییەکە نەبن، ئەوا بەشێکیان هەر تێیدا هەیە و بەبەرچاوی ئەوانەوە و بە پێزانین و یارمەتیی ئەوان، تەواوی کاری قاچاخ و ڕاووڕووتی بازاڕ دەکرێت. خەڵکانی کەونە مارکسیست و چەپ و تا دوێنێ دژە هەموو دەوڵەمەندی و قاچاخێک، ئەورۆکە خۆیان سەرپەرشتیی ئەو کارانە دەکەن و خۆیان سەرمایەدار و چەوسێنەری خەڵکن. یەکێک لە کاڵا هەرەسەرەکییەکان، کە لە بازاڕدا برەوی باشی هەیە و داهاتێکی زۆر و زوو وەدەست دەخات، جگەرەیە.

---

[24] **بنۆڕە**: زنگابادي، جلال، اهكذا نتذكر الماضي لنبني المستقبل، وطن الشمس، العدد 14، السبت22-6-1996 والعدد 15، السبت6-7-1996.

بازاڕی گەلەک گەورە هەن، کە تەنیا تایبەتن بە کڕین و فرۆشتنی جگەرە. جگەرەی وا لە کوردستان دەفرۆشرێن و دەستدەکەون و دەکێشرێن، لە ڕۆژاوا و ئەورووپا، کە خۆیان بەرهەمهێنەریانن، لە بازاڕدا نابینرێن و نین و فرۆشتنیان قەدەغەیە. ئەورووپا ئەو جۆرە جگەرە کۆنە کاتبەسەرچووانە، کە دەبێ لەنێو ببرێن و فڕێ بدرێن، دەنێرێتە ئەو وڵاتە بێسەر و بەرانەی وەک کوردستان و بەوانی دەفرۆشێت و دەنێو سینگ و خوێنی خەڵکی هەژاری ئەو وڵاتانەی دەکات، بۆ ئەوەی هەم تووشی شێرپەنجە و هەزارویەک دەردیان بکات و هەم پارە و پووڵەکەیان ببات و بیانڕووتێنەتەوە و هەمیش دواتر دەرمانە کۆنە کاتبەسەرچوو و زیانمەندەکانی خۆیان بۆ پتر نەخۆشخستن و کوشتنیان، لەوێ سەرف بکات و پێ بفرۆشێت، بۆ ئەوەی هەم لەنێویان بەرن و هەم خەڵکی ئەورووپا باشتر بژین. بێجگە لە جگەرە، خواردنەوەش بازاڕێکی باشی هەیە و بە لێشاو لە وڵاتانی تورکیا، سووریا، عیراق و شوێنی دیکەوە دەهێنرێنە کوردستان و لە کوردستانیشەوە بەرەو ئێران دەنێردرێن[25]. قاچاخ بەم شێوەیە دەسووڕێتەوە: ئیماراتی عەرەبی-ئێران-کوردستان-عیراق. یا ئیماراتی عەرەبی- سعوودییە- کووەیت-ئوردون- سووریا- تورکیا-کوردستان-عیراق. یا ئەورووپا-تورکیا-کوردستان-عیراق. گەلەک جاریش بە پێچەوانەوە لە عیراقەوە بۆ کوردستان و لە کوردستانەوە بۆ شوێنانی دی قاچاخ دەڕوات، بەتایبەت ئۆتۆمبیل. جاری وا هەیە دەسەڵاتدارانی کوردستان داوای جۆرە ئۆتۆمبیلێک دەکەن، کە لە بەغداوە بۆیان دێنن و فرەجار باس لەوەش دەکرێت، کە خاوەنەکانی لە لایەن دز و قاچاخچییانەوە کوژراون و ئۆتۆمبیلەکان هەر ئەوانە خۆیان دەیانگەیەننە کوردستان. لە خەڵکم ژنەفتووە، کە ئۆتۆمبیلی لە بەغداوە هێنراویان بینیوە، خوێنی پێوە بووە. ئەگەر بەراوردێک لە نێوان ڕەوشی ئابووری خەڵکی کوردستان و عیراقدا بکرێت، ئاشکرایە کە خەڵکی کوردستان باشتر دەژین و ئاستی ژیانیان بەرزترە. دۆستێکم کە هاتوچۆی کەرکووک و موسڵ و بەغدا دەکات، دەیگوت: "ئێمە لەوناوە وەک کووەیتییەکانی جاران و ئەوانیش وەک خەڵکی بەسرەن". لە کوردستان پارە سوویسرییەکە هەر لە بازاڕ و مامەڵەدایە، وەلێ عیراق پارەی چاپ و قوللابی بەکار دەبات. 15 دیناری کوردستان بەرانبەر بە 1000دیناری عیراقە. مووچەی مامۆستایەکی سەرەتایی لە ناوچەکانی بندەستی حوکوومەتدا 3000دیناری قوللابییە، کە دەکاتە 45 دیناری کوردستان. یەکێک لەو پرۆژە ئابوورییانەی، کە دەوڵەمەندانی کورد بایەخ و گرنگیی پێدەدەن و بازاڕێکی زۆر گەرمی هەیە، تەلەفۆنخانە و فاکسخانە و ئەوانەیە. لە هەولێر و سلێمانی گەلەک زۆرن. ئەمانە ڕاستە خزمەتێک بە خەڵکەکە دەکەن و کوردستان بە جیهانەوە گرێدەدەن، وەلێ لە هەمان کاتدا، تەواوی زانیاری لە بارەی کوردستانەوە و ناوەڕۆکی ئاخافتن و گفتوگۆیەکان و فاکسەکان دەدەڵێ و دەگاتە دەسەڵاتدارانی کوردستان و هەندەران و ئەو شوێنانەی، کە خڕکردنەوەی زانیاری نهێنییان بە لاوە گرنگە، بەوەش خزمەتێکی گەورە بە دەسەڵات دەکرێت. لە سلێمانی بازاڕێک هەیە بەنێوی "بازاڕی دۆلارەکە" و لە هەولێریش "شێخەڵڵا" هەیە. ئەو دوو شوێنە بۆرسەی کوردستانن. هەموو جۆرە پارەیەکی بیانیان تێدا دەکڕدرێ و دەفرۆشرێ. دیارە نرخی دۆلار و پارە بیانییەکانی دیکە و دینار، دەوڵەمەندان و دەسەڵاتداران، دیاری دەکەن. ڕۆژی وا هەیە، بۆ ئەوەی دۆلار لە بازاڕدا نەهێڵن و بیکڕنەوە، نرخی دۆلار هەرزان دەکەن و نرخی دینار زیاد دەکەن و وا دەکەن خەڵک بیەوێ دۆلار لە کوڵی خۆی بکاتەوە. زۆرجارانیش کاتێک دەیانەوێ دینار خڕکەنەوە، ئەوا بە پێچەوانەوە دەکەن. ئەوان کە دۆلار خڕدەکەنەوە، دەینێرنە دەرێی وڵات. گەلەک جاران حوکوومەتی بەغداش – ڕەنگە ئەوانی دیکەی دەوروبەریش- دەستی لەو وازییەدا هەیە. وەک نموونەیەکی جیاوازیی چینایەتی و شێوەی

[25] شەوێکی لە تەلەڤزیۆنی یەکگرتووی ئیسلامییەوە نوێژی جومعەیان لە مزگەوتێکی سلێمانی پیشان دەدا. مەلایەکەی کە خوتبەی جومعەی دەخوێندەوە، هێرشێکی زۆری کردە سەر فاروقی مەلا مستەفای مەلا ڕەسوولی سەفوەتی دیلێژەیی-مەلایەکە وای دەگوت بوویە منیش وای دەنووسم-کە بایی ئەوەندە میلیۆن دینار خواردنەوەی لە فلانە خانوودا هەڵگرتووە و دەفرۆشێ و بازرگانیی خواردنەوە دەکات. مەلا، ژمارەی پووڵەکە و ناوی خانووەکەی بە ڕێکی دەگوت. فارووقی مەلا مستەفا، یەکێک بوو لەوانەی کە دەیەویست بە شۆڕشی چەکداریی، عیراق بە کورستانیشەوە، بکاتە وڵاتێکی کۆمۆنیستی و سەرمایەداریی لە بەین بەرێت. ئێستا لە مولتی میلیۆنێرەکانی کوردستانە!.

بیرکردنەوەی دەوڵەمەندان لێی، دەکرێ ئەم نموونەیە باس بکەم: سبەینانێکی ڕەمەزان لەماڵی "خواپێداوێک" لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا دانیشتبووم، نەدارێک خۆی وەژووردا کرد و دوای سلاو و چاک و خۆشی دانیشت و بە زمانی بە ڕۆژووەوە باسی ڕەوشی خۆی کرد، کە بەو زستانە ساردە ئاگر لە ماڵەکەیدا نییە و نەکراوەتەوە و یەک ژەمی خۆراکی تێر بە زگی خۆی نەخواردووە. کابرای "خواپێداو"ی تێروتەسەلیش، کە بە بیانووی نەخۆشییەوە بە ڕۆژوو نەبوو و خۆراکێکی خۆشی لەبەردەستدا بوو و دەیخوارد، خۆش خۆش دەیگوت : "هەموو هەر دەمرین و دەچینە بەر قاپی خوا، ئاگر هەبێ و نەبێ، زستان هەر تەواو دەبێ و دەوڵەمەند و هەژار و تێر و برسی هەموو هەر دەمرن و تەواو دەبن و هەموو دەگەڕێینەوە لای خوا، مردن ڕێگەی هەموومانە، هەر خوا خوایە و دنیا کا و بایە و هیچ شتێک بێ خوا ناکرێت و هەموو شتێک ئارەزووی خۆیەتی"، وەک ئەوەی بەو قسانە کابرای هەژار گەرم بکاتەوە و زگی تێر بکات. دیارە ئەو قسانە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا و بیروبۆچوونی بۆرژوازییانە و هەموو شتەکان دەدەنە دەست خودا و مرۆڤ زۆر بێدەسەلات و هیچ کارە دەهێڵنەوە و دەدەنە قەڵەم و پێیان وایە، ڕەوشێکی ئەوتۆیی بەرگوڕان نییە و گۆڕینی یا تەنانەت بیرکردنەوە لە گۆڕینیشی، دەستێوەردانە لە کاری خودا. وەنەبێ تەنێ خەڵکە بەلێندەر و بازرگانەکە دەوڵەمەند بن، ئەوڕۆ بەرپرسان و دەسەلاتدارانی حوکوومەتی و حیزبی لە کوردستاندا، ئەوانیش چوونەتە ڕیزی پارەدارانەوە. سەدان خانوو و خواردنگە و بازاڕ و فرۆشگە و پێشانگەی ئۆتۆمبیل و چی و چی، هی فلانە بەرپرس و خانم و کاک و ئەوانەن. ئەگەر ڕێک و ڕەوان بە ناوی خۆیانەوە نەبێت، کە زۆرجاران نییە، ئەوا بەناوی خەڵکی دیکەوەن و ئەو بەرپرس و دەسەلاتدارانە هاوپشکن تێیاندا. دیارە کەسێکیش ناپرسێ، کە فلانە بەرپرسێکی، کە تا دوێنێ لە چیا بوو و وانەی شۆڕشگێڕی بە خەڵک دەگوتەوە، کوێڕا وا دەوڵەمەند بوو؟ تۆ بڵێی لە باوک و باپیرییەوە بۆی مابێتەوە؟. کێ دەوێرێ وەها پرسیارێک بکات. خەڵک پێیان وایە، ئەو بەرپرس و دەسەلاتدارانە دەبێ هەروا بن و دارا بن، چونکە ئەوانە بەرپرسن. خەڵک پێشیان وایە، دەوڵەمەند خودا دەوڵەمەندی کردووە و هەژاریش خودا نەیداوەتێ و هەر دەبێ وابێت. دەوڵەمەند و دەسەلاتدار و بەرپرس و پارەداری چاوچنۆکی کوردیش، وەک هی هەموو جیهان، بێ گوێدانە ڕەوشت و هەستی مرۆڤایەتی و . . . کڕین و فرۆشتن و بازرگانیی خۆیان ئەنجام دەدەن و تا دێتیش گیرفانەکانیان ئەستوورتر، خوانیان ڕازاوەتر، خۆراکیان چەورتر و ژیانیان خۆشتر دەبێت.

خوێندن و خوێندنگە:

خوێندکاران و خوێندنگەکانی سلێمانی و قوتابی و قوتابخانەکانی هەولێر، کتێبی خوێندنەکانیان لە بەغداوە بە لۆری لە لایەن سەددام حوسەینەوە بە دیاری بۆ دێت و لەسەر لۆرییەکانیش دەنووسرێ "دیاریی سەرۆکی فەرماندە بۆ گەلی کورد" و دەسەلاتدارانی کوردیش بە خۆشحاڵییەوە وەری دەگرن و بەسەر زاڕۆکانی کورددا دەیبەشنەوە. کتێبی منداڵان وێنەکەی سەددامی هەر پێوەیە و زۆرجاران لایش نابرێت. بابەتەکانی نێو ئەو کتێبانە هەر ئەوانەی جارانی سەردەمی حوکوومەتن. هێشتا منداڵی کورد، مێژووی عەرەب و جوگرافیای نیشتمانی عەرەب دەخوێنێت و هێشتا باشووری کوردستانەکەی لەمەڕ خۆیشمان، هەر بەشێکە لە عیراق و عیراقیش بەشێکە لە نیشتمانی عەرەب. خوێندنی زانستگە و کتێبەکانیان هێشتا هەر عەرەبین و هیچ شتێک نەکراوەتە کوردی. مامۆستایانی زانستگە، زۆرجاران خەڵکانێکن، کە هەر دەرچووی کۆلیژەکانی خۆیانن و بڕێک نمرەیەکی بەرزیان هەبووە. تەواوی شێوەی کارکردنی بارهێنان و پەروەردە و فێرکردن، هەر لەسەر هەمان هێڵی جاران و حوکوومەت دەڕوات. بێجگە لە خوێندنگە ڕەسمی و حوکوومەتییەکان، ئێستا خوێندنی زمانی تورکی و تیپی لاتینی تورکی و خوێندنگەی تورکییش لە برەودایە. لە هەولێر کۆلیژێک بە ناوی کۆلیژی "ئیشیق"، واتە: عیشق، هەیە. ئەم کۆلیژە تورکییە و زانستی تورکایەتی و تورکاندنی تێدا دەگوترێتەوە. گەلەک جاران بینایەی خوێندنگەیەک، دوو سێ

www.kurdistannet.org
20/07/2003 22:30

دەستە خوێندکاری تێدا دەخوێنێ و لەبەر بێجێیی دابەشیان دەکەن بەسەر دانی بەیانی و دانی نیوەڕۆ و دانی ئێوارەدا.

ڕەنگ:

ڕەنگی سەوز و ڕەنگی زەرد، ڕەنگگەلێکن کە لە سلێمانی و هەولێر و ناوچەکانی دیکە، تەواوی ڕەنگەکانی دیکەیان داپۆشیوە. کەسک یەکێتییە و زەرد پارتییە. ئەو دوو ڕەنگە زاڵن. دار و دیوار و تەلار و هەموو شوێنە ڕەسمی و حوکوومەتییەکان، بەو دوو ڕەنگە سواغ دراون. خەڵکی وڵاتی ئێمە بەسەر ئەو دوو ڕەنگەدا دابەشبوون. هەموو شتێک سەوز یا زەرد دەبینن. لە هەولێر بە تەزبیحی کەسکەوە و لە سلێمانی بە تەزبیحی زەردەوە بگەڕێی، کارێکە سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێ و بە چاوی گومانەوە لێی دەنۆڕدرێت. جل و پۆشاکیش هەمان جیاوازی دەگەیەنن. خەڵک جیاوازییە حیزبییەکان –ناڵێم ئایدیۆلۆژی، چونکە ئەسڵەن جیاوازی ئایدیۆلۆژی لە ئارادا نییە- لەو ڕەنگانەدا دەبینێتەوە. جووجکەی گچکە، کە بۆخۆیان لە هێلکە دێنە دەرێ، خودا زەردی کردوون، لە گەرمیان و کەلار و ئەو دەڤەرە، سەوز دەکران، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەنگی فەرمانڕەوایانی دەڤەرەکەدا بگونجێنرێن. کابرایەکی لادێی لە ئۆتۆمبیلێکی گشتیی کرێدا، کە بەرەو سلێمانی دەڕوات، بۆ دەمەزەردکردنەوەی تەورداسێک –لەوەتی تەورداس هەیە، دەگوترێ دەمەزەردکردنی تەورداس-، لە بازگەیەکی نێزیکی شار، لێی دەپرسن، ئەو تەورداسە بۆ کوێ دەبات. کابراش دەڵێ:"دەیبەم بۆ شار، دەمە. . دەمە. . دەمەسەوزی دەکەم" و ناوێرێ بڵێ دەچم دەمەزەردی دەکەم. بەو شەڕەڕەنگە مێشکی ئەو خەڵکە تژی کراوە لە ڕق و قین لە ڕەنگەکەی دی، سەر بە زەردان لە سەر بە کەسکان و بە پێچەوانەشەوە. خەڵک بۆ خۆیان کەم ماندوو نین، بەوەش هێندەی دی باریان گران کراوە.

وێنە:

دەبوو بارزانی (باوک) کرابا بە نیشانەیەکی نەتەوەیی و گەلی و نیشتمانی و لە هەموو شوێن و جێگە و دەسگە و دائیرە و بنکەیەکدا –ئەگەر خەڵک بۆ خۆی خواستبای- وێنەی دانرابا. دیارە دەبوو ئەو کارە لە تەواوی ئاخی کوردستاندا کرابا، وەلێ ڕەنگە ئەم باسە –ئێستا- تەنێ دەڤەرەکانی دەسەڵاتی پارتیی بگرێتەوە، چونکە لە دەڤەرەکانی بندەستی یەکێتیدا، نەک وێنەی بارزانی، بەڵکە ناوهێنانی بارزانیش لە شوێنە ڕەسمییەکاندا –بە خراپە نەبێت- قەدەغەیە و کەس ناوێرێ لە کودووی تەرپشدا باسی بکات، وەلێ لە ماڵاندا خەڵک نەک هەر بە ڕێز و خۆشەویستییەوە باسی بارزانی دەکەن، بەڵکە وێنەی بارزانییش ئەوەندەی دەرفەتی تێدا بێت و بەرپرسان نەیبینن و تووشی گرفت و سەرێشەیان نەکات، هەڵدەواسن. ئەوەی کە ئەوڕۆ لە هەولێر بەرچاو دەکەوێت، نەک تەنێ وێنەی بارزانییە، بەڵکە هی ئیدریس بارزانی و مەسعوود بارزانی و نێچیرڤان بارزانیش هەڵواسراون. ئەگەر خەڵک بە ئارەزوو و ویستی خۆیان وێنەی هەرکەسێک هەڵواسن، ئەوە شتێکی باشە، وەلێ ئەگەر ببێتە لەڕوواداماں و هەست بە تەنگپێهەڵچنین و پیوەبوون، ئەوەیان ئیدی خۆش نییە. بازاڕی کڕین و فرۆشتنی وێنەی بارزانییان لە هەولێر لە برەودایە و بازرگانیی پێوە دەکرێت، بریا وەک بڕیارێکی سیاسی و بۆ ڕێزگرتن لە شکۆ و مەزنیی بارزانیی باوک، ڕێگەی لێ دەگیرا و سنووری بۆ دادەنرا. لە سلێمانییش وێنەی جەلال تاڵەبانی لە دەسگە ڕەسمی و حوکوومەتییەکاندا هەڵواسراوە و تاڵەبانی بۆ خۆیشی زۆرجاران، کە کۆبوونەوەی حیزبی و حوکوومەتی و ڕێکخراوەیی و دیدار دەکات، لە ژێر وێنەی خۆیدا دەیکات.

دەسگا سیخوڕییە دەرەکییەکان:

لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دیارە شوێنی دیکەش، دەیان مەکۆ و بنکەی دەسگای سیخوڕیی وڵاتانی دەوروبەر هەن. دیارە بێجگە لە دەسگا جاسووسییەکانی وڵاتانی ڕۆژاوا. بنکەی جاسووسی تورکیا و ئێران –ڕەنگە عیراقیش- لەو شارانە هەن، بەڵام لەژێر ناو و ناونیشان و ڕوومەتی دیکەدا. لە سلێمانی بە ئاشکرا ئۆتۆمبیلی "میگ زمینی" ئێرانی بەو جادانەدا دەخولێنەوە و ئەوانەش، هی ئیتتیلاعات (اطلاعات) ن. تورکیش لەژێر ناوی مەکتەب و

بارەگای حیزب و ڕێکخراودا، دەیان کون و کەلەبەری دۆزیوەتەوە بۆ جاسووسیکردن لەسەر خەڵکی کوردستان. بێجگە لەمانە دەسگا جاسووسییەکانی ولاتانی ڕۆژاوا و ئیسرائیلیش لەو ناوە هەن، وەلێ ئەوانەی ئەوان زۆر بە نهێنی و لە بنەوە کاری خۆیان دەکەن. شولومو نکدیمون، کە نووسەرێکی ئیسرائیلییە دەڵێ: "بوونی مۆسادی ئیسرائیلی لە باکووری عیراق (کوردستانی عیراق)، دەرفەتی ڕەخساندووە بۆ چاودێریکردنی بەلای کەمەوە چوار ولات، کە ئەمانەن: عیراق، تورکیا، ئێران و سووریا. . . مۆسادی ئیسرائیلی لە باکووری عیراق بۆ لاوازکردنی هەوڵ و کۆششی عەرەبی و ئیسلامییە لە بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیلدا"[26]. دیارە دەسەلاتدارییەتییە کوردییەکانیش، هەر یەکەوە دەسگای سیخوڕی و جاسووسیی خۆیان هەیە، کە ئەوانیش زۆرجاران هەر بۆ بەدبەختی و نەهامەتی ڕەشەکوردەکە چێ دەبن و کار دەکەن، وەک نموونەش: ئاسایش، زانیاری و پاراستن، چەند دانەیەکیانن.

حوسەین کێشکەیی:

لە پرسگەکەی "گولان"، کاتێک لەگەڵ یەک دوو برادەردا دەچووینە سەردانی دۆستێک، پیاوێکی برێک بە تەمەنی، سەر و ڕدێن پاک تاشراوی، پۆشتەی مێزەر لەسەر و کورتەک و شەرواڵ لەبەری قسەخۆش دانیشتبوو. قسەی بۆ کەسێکی گەنجتر دەکرد، کە لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو. دیار بوو چاوەڕێی دیتنی کەسێکیان دەکرد. ئەو پیاوە باسی جەژن و شایی و زەماوەند و بۆنەیەکی دەکرد و دیگوت:"کەتبوومە سەر ئەو سێنی و سفرەیەی، کە پڕ بوو لە گۆشتی. ئەمنیش لە بۆ خۆم گۆشتم دەخوارد و هەر گۆشتم دەخوارد، لێدە عوسێن لە بۆ خۆت گۆشتی بخۆ، لێدە عوسێن، ئەو گۆشتەم دەخوارد و ئەو چەورییەی بە دەست و مەچەک و دم و لێومدا دەهاتە خوارێ، ئای چەند بە لەززەت بوو، بە خۆمم دەگوت لێدە عوسێن گۆشتی بخۆ، پاشان کەتمە ناو کێژانی، یەک لەولام، یەک لەولام، بۆنی ئەولام دەکرد و بۆنی ئەولام دەکرد، بۆنی سمر و مێخەک و قەنەفلم لە بۆ خۆم دەکرد، وەی خۆش بوو، وەی خۆش بوو، لێدە عوسێن، ئەوجا کێژان داوایان کرد عەیرانیان لەبۆ برێم، ئەمنیش دەستم پێ کرد بە: دەوجا دەرێم و. . . لە بۆم گوتن، چ گوتنەک، لێدە عوسێن. . . ". ئەو کابرایە هێندە بەتامەوە ئەو چیرۆکەی دەگێڕایەوە، مرۆڤ هەر حەزی دەکرد گوێی بۆ ڕادێرێ. کە باسی ئەو گۆشتخواردن و کیژانەی دەکرد، زاری لیکی تێ دەزا. لەپڕ کاتی ئێمە هات و ئەو پرسگەیەمان بە جێهێشت. دوای نیو سەعاتێک کە گەڕاینەوە، دیتم ئەو پیاوە لە پرسگەکە نەماوە. کە پرسیارم کرد، گوتیان ئەوە حوسێن کێشکەییە، کە حەیرانبێژێکی بەناوبانگی ئەو دەڤەرەیە و چووەتە ژوورێ بۆ تۆمارکردنی دیدار و حەیران. گۆشتخواردن لە کوردستان، نیشانەی بوون و خۆشگوزەرانی و دەسترۆیشتنە. خەڵک زۆریان پێ سەیرە مرۆڤێک گۆشت نەخوات و لە بانگهێشتن و بۆنە و خوانی ڕازاوەدا دەست بە خێری خوداوە بنێت و بڵێ بەخوا برا من گۆشت ناخۆم، چونکە ئاژەڵ گوناهە و سەربڕین و خواردنی ئاژەڵ کارێکی نامرۆڤانە و بێبەزەییانە و نابەجێیە و دوورە لە سروشتی ڕەسەنی مرۆڤەوە، کە پێش دۆزینەی ئامێرێک بۆ کوشتنی ئاژەڵ، لە سەر ڕووەکخۆریی ژیاوە، ئەگەر کاک حوسەین کێشکەییم بدیتبایەوە، بە تەما بووم هەندێکی باسی بەستەزمانی و بێگوناهی ئاژەڵ و ڕووەکایەتی بۆ بکەم و بەڵکە خودا هیدایەتی بدابا و وازی لە گۆشتخواردن هانیبا.

ئیسلامی سیاسیی:

بلاوبوونەوەی ئیسلامی سیاسی و ئەو جۆرە بیرکردنەوانە، ئەورۆ لە کوردستان باوە. سالانی 1960کان، لاوان وەدووی بیروباوەڕی چەپ دەکەوتن و شۆڕشگێڕانی جیهان، دەبوونە سەرمەشق و نموونەیان. نێوی گیڤارا، ماو، کاسترۆ و. . . ئەوانە لە سەر زاران بوون. ئەورۆکە ئەو باسە گۆڕاوە و هەزاران لاو، کچ و کوڕ، دەبینی، کە سەری زمان و بنی زمانیان کتێب و بلاوکراوە ئیسلامییە توندڕەوەکانە. نەواری مەلا و وەعزدەرە مسرییەکان و خۆماڵییەکان گوێ لێ دەگرن، کە هەموویان ئاگریان لێ دەبارێ و ڕێزەیەک خۆشی و چێژ لە ژیان و ئەم جیهانەدا

---

[26] المفتي، عبدالمنعم أسعد( كردي مقيم في القاهرة)،التغلغل الإسرائيلي في كردستان العراق، الشرق الأوسط، العدد6420، الخميس 31-7-1997،ص8.



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
20/07/2003 22:30

ناهێڵنەوە و هەمووی دەسڕنەوە. دەمەتەقە لە سەر چۆنیەتی دۆزەخ و شێوەی سووتاندنی مرۆڤ و ئەوانە دەکەن. دەیان خوێندکاری زانستگەم بینی، زۆر بە گەرمییەوە داکۆکییان لەو جۆرە بیروڕا توندڕەوانە دەکرد و دژی هەموو جۆرە ئازادییەکی هزر و ژنان و بیرکردنەوە بوون. ئەم بابەتە ئیسلامییانەش، کە ئەوڕۆ لەو وڵاتەدا لە برەودایە، یەک نین و دەیان لق و چڵیان لێ دەبێتەوە و هەر یەکە بە جۆرێک لێکی دەداتەوە و بەو جۆرە سەریان لە خەڵکە موسوڵمانە نەریتییەکەش تێکداوە. لاوێکم چاوپێکەوت، کە نوێژی دەکرد، هەردوو قۆڵ و دەستی چەپ و ڕاست لە سەر هەردوو شانی دانابوو، واتە دەستی ڕاستی لە سەر شانی چەپی و دەستی چەپی لە سەر شانی ڕاستی. پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەوانەش

جۆرێکی تایبەتن لەنێو ئەو دەستە ئیسلامییانەدا، کە نەک ئیسلام بلاو دەکەنەوە و پەرەی پێ دەدەن، بەڵکە سەر لە خەڵکی دڵپاک و ڕاستگۆیش دەشێوێنن. دیاردەی ناولێنانی عەرەبییش، نەک هەر بۆ زارۆک، بەڵکە بۆ خوێندنگە و دەسگەکانیش، لەو وڵاتە پەیدا بووە. نێوی گەلەک سەیر و سەمەرە، کە ئەوڕۆ عەرەب بۆ خۆیشیان بەکاری نابەن و لەبیریان چووەتەوە. بەو شێوەیەش بە نەخشە بێت یا بێ ئەوەی بیری لێ بکرێتەوە، پرۆسەی مراندنی گیانی کوردایەتی، پیادە دەکرێت و ئەنجام دەدرێت. ئەوڕۆ لە کوردستاندا برەو بە هەموو جۆرە بیروباوەڕێکی دژ بە کوردایەتی و سەربەخۆیی کوردستان دەدرێت.

بەرپرسانی کوردستان و سەردانی هەندەران:

کە یەکێک لەو بەرپرسانەی کوردستان، بە تایبەت کەسێکی وەک جەلال تاڵەبانی، دەچێتە دەرێی کوردستان و بە تایبەت ئەورووپا و چەن وردە بەرپرسێکی ئەو وڵاتانە دەبینێت، لە دەسگای ڕاگەیاندنەکانی خۆیانەوە، یەکجار زۆر گەورەی دەکەنەوە و دەخەنە سەری و زێدەڕۆیی تێدا دەکەن. ئەگەر تاڵەبانی، سکرتێری ڕۆژنامەنوسیی، سکرتێری جێگری بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا یا بریتانیا یا تورکیا، یا ئەندامێکی پەرلەمانی یەکێک لەو وڵاتانە، یا بەرپرسێکی سۆسیال دیموکراتی فرانسە یا ئەڵمانیا یا. . . . ببینێت، ئەوا هێندە بە گەورەیی باس دەکرێت و نێو دەبرێ، وەک بڵێی ئەو کابرایە بەرپرسی چارەنووسی کورد بێت و بتوانێ دەسبەجێ کارێکی یەکجار مەزن و پەڕجوو بۆ کورد بکات. ئەوەی کە لە ئەورووپا ژیابێت دەزانێت، کە بینینی هەر بەرپرس و کارمەند و حیزبی و پەرلەمانتارێک، کارێکی هێندە سەخت و دژوار نییە و بە تۆ و من و ئەویش دەکرێت، کە هیچ سەروکاریشمان لەگەڵ دەسەڵات و حیزب و ئەوانەدا نییە و تەنێ نوێنەری خۆیشمانین. ئەو زلباسکردنە ڕەنگە بەسەر خەڵکی هەژار و کڵۆڵی کوردستاندا تێپەڕ بێت، چونکە لە کوردستان هەر کە لە تەلەڤزیۆنەوە گوترا، کە جەلال تاڵەبانی فلانە میستەر و مسیۆ و سنیۆری لە ئەمەریکا و ئینگلستان و فەرەنسا و ئیسپانیا بینیوە، ئیدی خەڵک پێیان وایە، کە ئەوە ئیدی تەواو و کورد بوو بە شت و سەرۆکەکەی خۆیشیان گەلەک مەزن و توانایە بۆیە دەتوانێ خەڵکی لەو جۆرە ببینێت. من بۆیە باسی جەلال تاڵەبانی دەکەم، چونکە ئەو دیاردەیەم بە زۆری لە ڕاگەیاندنەکانی سلێمانییەوە دەدیت و ئەوان باسی ڕاخستنی فەرشی سووریان بۆ جەلال تاڵەبانی دەکرد.

گواستنەوەی خزمەتی شەهیدان:

لە تەلەڤزیۆنەکانی کارگێڕیی سلێمانییەوە، خەڵکی کەسوکاری شەهیدەکان-ئەو شەهیدانەی کە کاتی خۆی بە پارتییەتی شەهید کراون، واتە: لە سەنگەری پارتییدا بوون- دەهاتنە سەر تەلەڤزیۆن و شەهیدەکانی خۆیانیان دەگواستەوە بۆ لیستی شەهیدانی یەکێتی نیشتمانی. واتە: وەک نموونە دەتوانین بڵێین: ئازاد، کە ئەندام یا پێشمەرگەی پارتیی بووە و لە شەڕدا دژ بە حوکوومەت یا یەکیەتی، شەهید بووە، یا حوکوومەت لە سەر ئەوەی سەر بە پارتیی بووە لە سێدارەی داوە، ئێستاکە کەسوکاری، کە لە دەڤەری دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا دەژین، بۆ خۆ خۆشەویستکردن لە کن یەکێتی و نزیکبوونەوە لێیان و برێک دەسکەوتی دیکە، ناو و

کوردایەتی و خزمەتەکانی ئەو ئازادە دەگوێزنەوە بۆ نێو لیستی یەکێتی نیشتمانی و ئازاد بە شەهیدی یەکێتی دەدەنە قەڵەم و ئیدی وەک پارتییەک ناوی نابەن. ئەم جۆرە کارانە، بۆ گواستنەوەی خزمەتی کارمەندان و کرێکاران، ئەنجام دەدرێت، کە لە دەسگەیەکەوە دەگوێزنەوە یا دەگوێزرێنەوە بۆ دەسگەیەک یا کارگەیەکی دیکە و ئەو ساڵانەی پێشینەشیان بۆ دەخرێتە سەر ساڵانی کارە نوێیەکەیان. لە شۆڕش و کاری شۆڕشدا، وەها کارێک لەکەدارکردنی کاری شۆڕشگێڕی و نێوی ئەو شەهیدە سەر بڵندانەیە.

کۆڕی بانگێشتن و گۆڵمەز:

بڵاوبوونەوەی بانگهێشتن و کۆڕی دانیشتنی خواردنەوە و ڕابواردن و قومار لە نێو بەرپرسان و دەسەڵاتداراندا. پارەیەکی یەکجار زۆری بۆ دەڕوات. ئەو جۆرە چالاکییانە، کە بە مەبەستی زگ وژێرزگ تێرکردن ئەنجام دەدرێن، لە لایەن دەسەڵاتداران و دەسڕۆیشتووانەوە بایەخێکی یەکجار زۆریان پێ دەدرێت و هی وایان تێدایە هەر بۆ ئەوانە دەژین. کۆڕی نێو هوتێلان و هۆڵان و ماڵە بەرپرسان، لەنێو خەڵکانی دەرێی دەسەڵاتدا زۆرجاران دەخرێنە بەر باس و ڕەخنە. خەڵک دەزانن، کە ڕەگەزی مێینە زۆرجاران ئەگەر کاریان پێ بدرێ و برێک لە کاردا بەرز بنەوە و پلەیەک وەرگرن، بەرپرسان، لە ئەنجامی نێزیکبوونەوە و فریودان و مێبازی و بەڵێن و مەرجەوە، ئەنجامیان داوە. دیارە خودانەخواستە، مەبەستیش ئەوە نییە، کە ئەوە حاڵەتە باوەکە بێت، وەلێ باسی ئەو مەسەلەیە زۆر دەکرێت. لە زانستگە و مەرجی وەرگرتنی خوێندکارانیشدا لەو جۆرە باسانە دێنە گۆڕێ. ئەمانە سەرباری ئەوەی، کە بەرپرسان فرەژنییان کردووەتە قانوون و باو. ئەوان ژن لە دوای ژن دێنن و بەدەردی مامۆستایەک گوتی"پیاو کە ژنی نوو دێنی، خۆ نوو دەکاتەوە". دیارە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی مەرجەکانی ژیان و گەشەسەندنی ئابووری کەسەکی و گۆڕانی شێوەی هەلسوکەوت و فراژووتنی گشتێدا، دەسەڵاتدارانیش وەک مۆدەی جل و پۆشاک ئۆتۆمبیل، پێویستیان بەوەیە ژنەکانیشیان بگۆڕن و خۆ نوێ کەنەوە!

میدیا و ڕۆژناڤانان و ئەرکی ڕووناکبیران:

لە بواری ڕۆژنامەگەری و کار لە میدیا و دەسگای ڕاگەیاندنەکاندا، بە زۆری خەڵکانێک وەپێش دەخرێن، کە خزمەت بە دەسەڵات دەکەن. ئەوانەی کە "دەوەڕن و پەسن دەدەن". ئەوانەی کە تەنێ بە گرێی ملدا دەدەن و ئەشهەدوبیللا دەکەن. دیارە خەڵکانێکی لەو بابەتەش نەک هەر لە سەردەمی ڕێژیمی کوردیدا، بەڵکە لە زەمانی بەعس و هی دیکەشدا، دەتوانن و توانیویانە زۆر بە چاکیی جێی خۆیان بکەنەوە و لەو ئاوازەی، کە دەسەڵات دەیەوێت بخوێنن و ئەو ڕەنگەی، کە دەسەڵات دەیەوێت لەبەر بکەن. نووسەر و ڕۆژنامەوانان، لە سنووری بیروبۆچوونی دەسەلاتدا دەڵێن و دەنووسن و ئەو هێڵ و بازنەیەی دەسەڵات بۆی داناون، هەرگیز نایبەزێنن. ئەگەر وەها کارێک، واتە: چاودێری و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و بەرپرسان و داماڵینی هەموو پەردە و دەمامکێکی سەر ڕوویان و دەرخستن و پێشاندانی هەموو نهێنی و شاراوەییەکیان، بکرابایەتە ئەرکێکی سەرەکی ڕۆژنامەوانی وەک کە لە هەموو دنیادا وایە، ئەودەمی دەبوو دەیان ڕۆژنامەوان و ڕەخنەگر تووشی گرتن و لێکۆڵینەوە و لێپێچانەوە و زیندان ببن، وەلێ کەنگێ لە کوردستان وەها کارێک ڕووی داوە؟ بەشی زۆرینەی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەڤانان لەوەی زیاتر کە زمانحاڵ و پاساودەری کارە هەڵە و نابەجێیەکانی دەسەڵاتدارانن، چی دیکەن؟ هەر بۆیەش خۆشی دەگوزەرێنن و چاک دەژین. ئەمە ناکاتە ئەوەی، کە لە کوردستان ڕۆژنامەوانی بوێر نەبێت، گەلەک ڕۆژنامەوانی بوێر و ئازا و ڕاستگۆ و زیرەک و جەربەزە هەن، بەڵام بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات، سەرەڕۆیی دەوێت و زۆرجاران باجەکەی گران و زۆر دەبێت. ئەوەش بە ڕەوشەنبیر و ڕۆژنامەڤان و نووسەری گەل و گۆمی مەنگ شلەقێن دەکرێت، کە دەتوانن لە سەرمایەدار و بۆرژوازی و دەسەڵاتی تێکدەن، نەک بە هی دەربار و چەشە بوو، کە دەسەڵات دەیانئافرێنێ و هەر بۆ خۆیشی مەیموون ئاسا هەڵیاندەپەرێنێت.

کەونە بەعسییان:

نەک هەر لە نێو دەسگەی ڕاگەیاندندا، بەڵکە لە دەسگەی کارگێری و ڕاوێژکاری و زانستگە و بەڕێوەبردنیشدا و لە زۆر جێگەی حەسسادا، خەڵکانی کۆنە بەعسی، کۆنە موستەشار، کۆنە جەیش شەعبی، کۆنە جاش، کۆنە پیاوی حوکوومەتی بەغدا هەن و ڕێزیان لێ دەگیرێت و پلە و پایە و کاری باشیشیان پێ دراوە و دەدرێت. زۆر کەس لەوانەی کە بە تەنگ خاک و کورد و بزاڤی کوردایەتییەوە دێن، پێیان وایە، کوردستان ئەورۆ بووەتە عەفلەقستان و حاڵ بەم شێوەیە بڕوات، ئەوان دەبنەوە سەردار و قوربانییانیان دەبنەوە ژێردەستە و کۆیلەکەی جاران. ئەز نالێم قڕان دەنێو ئەو کەونەبەعسییانە بخەن و هەڵیانواسن، لێگەڕێن با بژین و کار بکەن وەک ئەو خەڵکەی دیکە، وەلێ مەیانکەنە کەلەگا و بەرپرس و دەسەلاتدار بەسەر خەڵکی هەژار و قوربانیداو و چەوساوەی کوردەوە.

ژن:

چەوساندنەوەی ژن و ڕەگەزی مێیینە، تا بڵێی زیادی کردووە. زووزوو هەواڵی کوشتنی ژنان دەبیسرێ و باس لە خۆکوشتن و خۆسووتاندنی ژنان دەکرێ. کە ژنێکیش بە بیانووی "داوێنپیسی" و "ڕووسپێتی" و "شەرەف"ەوە دەکوژن، نێوی "قەحبە" لێ دەنێن، بەلام هەر ئەو پیاوەی، کە لەگەڵ ئەو ژنەدا وەها کارێک ئەنجام دەدات، خەڵک بە کازانۆڤا و ڕاسپۆتینی دەزانن. لە بواری ئازادی ژنان و مافی یەکسانیاندا لەگەڵ پیاودا، کوردستان، سالانێک بەرەوپاش گەڕاوەتەوە. کە من بۆ خۆم هێشتا لە کوردستان بووم (تا ساڵی 1980) ، ڕەوشی ژنان گەلێک باشتر و پێشکەوتووتر و ئازادتر بوو. خۆپێچانەوە و کەنارگرتن و دوورکەوتنەوە لە کۆڕی پیاوان، ئێستا باوە و پێچەوانەکەی بووەتە ڕیزپەڕ و ناپەسەند. ئێستاش تەماشای ژن وەک لاواز و ناکارا دەکرێت و تەنێ نۆرە مێیینەییەکی پێ ڕەوا دەبینرێ، کە ئەمە بۆ خۆی بە فیرۆدانی بەشێکی زۆری وزەی خەڵکی کوردستانە.

کەپکی حەمەداغا و کلاوقاسم:

لەو شەڕ و پێکدادان و فەرتەنەیەی نێوان پارتیی و یەکیەتیی، هێندەی ناوی کەپکی حەمەداغا و کلاوقاسم دەبیسرا، هێندە ناوی جێگەیەکی دیکە نەدەبیسرا و دەتگوت کوردستان تەنێ ئەو دوو شوێنەی تێدایە و هیچی دیکە. چەندین کەس لەسەر ئەو دوو قوتەیە، کە زۆرینەی خەڵکی کورد هەر ناشزانن کەوتوونە کوێ و چ بایەخ و گرنگییەکیشیان نییە، درابوونە کوشت.

بەخشندەی دز:

دەسەلاتدارانی کوردستان فرەجاران پارە و پووڵ، بە سەر هەندەک کەسی دەست و پێوەند و نێزیکی خۆیان و دەربارا دەبەشنەوە، وەک ئەوەی کە لە گیرفانی خۆیان بێتە دەرێ و ئەوان خۆیان بە ماندووبوون و کار و کۆششی خۆیان پەیدایان کردبێت. زانای جڤاکناسی عیراقی، عەلی ئەلوەردی (علي الوردي) ، گەلەک جاران لە نووسینەکانیدا، باسی"الوهّاب النهّاب"، واتە: بەخشندەی تالانکەر، یا بەخشندەی دز، دەکات، وەک نموونەی سەرکردە و سەردار و ڕێبەرێک، کە لەو شتگەلەی تالانیکردوون و دزیونی، بەخشندەیی دەنوێنێ و دەبەشێتەوە، وەک ڕەوەند و کۆچەرانی ڕەشماڵنشینی دەشتایی عەرەب" بەدوو: البدو"، کە هەم تالانی و دزی و هەم بەخشندەییشیان بەلاوە، حەلاڵە. ئەگەر لە خەڵکە دارا و دەوڵەمەند و خاوەن دەسەلاتەکە بسێنرێتەوە و وەرگیری –جا چ بە تۆبزی بێت یا حوسن و ڕەزای خۆیان (کە ئەمەیان هەر نابێت) - بە سەر خەڵکی هەژار و بێدەسەلات و شایستەدا ببەخشرێتەوە، ئەوا کارێکی یەکجار پیرۆزە و دەستخۆشیی گەرەکە، وەلێ ئەوەی کوردستان و تەواوی دەسەلاتدارانی ئەم جیهانەش، بە پێچەوانەوەیە، ئەوان لە هەژار و نەدار دەدزن و دەیدەنە دارا و دەسەلاتدار.

هەیبەت و شان و شەوکەت:

دیاردەیەکی یەکجار سەیر، کە لەو جڤاکانەی ڕۆژهەلاتدا، بە کوردیشەوە، وەدی دەکرێت، دیاردەی بە گەورەیی زانین و ڕێزلێگرتنی جەللاد و مرۆڤکوژ و خەڵکی دەسەلاتدارە. خەڵکانێکی زۆر- ئەوە هیچ بەشێکیان لە ترسدا- سەیری ئەو جۆرە کەسانە وەک قارەمان و ئازا و جەربەزە دەکەن. هەندەک لاوی کوردم بینی، دیارە لەوانەی کە مێشکیان شۆراوەتەوە و تەنێ قسەی بەرپرسەکانیان دەلێنەوە، باسی خەڵکی خوێنڕێژ و دز و تالانکار و

ئەشکەنجەدەریان وەک مرۆڤی ئازا و بوێر دەکرد و کۆڵێکیش ئیعجابیان پێیان هەبوو. کلۆڵترین خەڵک ئەوانەن، جەللاد و مرۆڤکوژ نموونەی پیاوەتی و دلێری بن لەکنیان.

ژیانی تایبەتیی بەرپرسان:

ئەو بەرپرس و دەسەڵاتدارانەی، کە تا دوێنێ فشەی "شۆڕشگێڕی و بیروباوەڕ"یان، بە سەر خەڵکدا دەکرد و خەڵکیان هان دەدا بۆ خۆبەکوشتدان، ئەوڕۆکە لە شارن، بەرپرسن، خاوەن دەسەڵاتن، گیرفانپڕن، زگتێرن، تێروتەسەل و خرۆخەپانن، گووپ سوور و خڕەڵەن، پۆشتەن. تەنێ مەسرەف و خەرجیی ئۆتۆمبیلە پانوبەرینەکانی خۆیان و ژن و منداڵیان و پاسەوانانیان لە یەک ڕۆژدا، هێندەی مەسرەف و خەرجیی، گەڕەکێکی هەولێر و سلێمانی دەبێت. ئەمانە کە دەچنە سەر کار و لە کار دێنەوە، بە تایبەت بەرپرسانی حیزبی و سەرۆکی حوکوومەت و وەزیرەکانیان، دەیان ئۆتۆمبیل و پاسەوانی چەکداریان بە دواوەیە و جادەیان بۆ چووڵ دەکرێ. ژن و منداڵیشیان دەیان ئۆتۆمبیل و پاسەوانیان لە خزمەتدایە. ئەگەر باسی خانوو و باخچەی نێو ماڵ و مێزی خواردنەوە و شێوەی ژیانی تایبەتی و ژن و منداڵیان بکرێت، ئەوا دەبێ شانامایەکی لە سەر بنووسرێت.

کۆمەڵایەتی:

دەسگایەک بەنێوی کۆمەڵایەتی لە کارگێڕیی سلێمانیدا هەیە، دیارە لە هەولێریش هەر بەو شێوەیەیە، ئەوە هیچ کە کۆمەڵێک کارمەند و مووچەخۆری تێدا کار دەکەن، خەڵکانێکی زۆری دەمڕاست و ڕدێنسپییانی هۆزەکانیش بەهۆی ئەو دەسگایەوە نانیان کەوتووەتە ڕۆن. ئەم دەسگایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عەشایەر و خێڵەکان دانراوە، بەڵام بۆ خەڵکانێک بووەتە مایەی خێر و بژێوی. کارگێڕانی سلێمانی کە فرەجاران باس لە ناخێڵەکییەتی و پێشکەوتنخوازیی خۆیان دەکەن، لە هەموان زیاتر گرنگیی بەو دەسگا کۆمەڵایەتییە دەدەن. لە ڕێگەی ئەم دەسگایەوە، دیوەخانانە بە سەرۆک هۆزەکان و دەمڕاستانانیان دەدرێت. سەرانی دەسەڵاتدارییەتی سلێمانی زووزوو سەردانی سەرۆک هۆز و ڕدێنسپییانی عەشیرەتەکان دەکەن و بەردەوامیش هەوڵ دەدەن خۆیان لێیان نێزیک بخەنەوە و بەردەوام پێشوازیشیان لێ دەکەن، وەک کارێکی سیاسی و بەڕێوەبردن، ئەمە هەنگاوێکی باشە، بەڵام زیندووکردنەوە و هەوڵدانی گەشەپێدانی بیری عەشیرەتگەری، پێموانییە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەنجامێکی باش بۆ گەلی کورد بهێنێتە پێشەوە.

کارمەند:

لە دەسگە کارگێڕییەکانی دەسەڵاتدارییە کوردییەکاندا، مرۆڤ کە سەردانیان دەکات، ئەگەر نیوەی ئەو کارمەندانەی لەو شوێنانەدا کار دەکەن زیاد نەبن، ئەوا چواریەکێکیان زیادەن. بە هەزاران کارمەند تەنێ کاریان ئەوەیە، مۆرێک لە کاغەزێک دەدەن یا ژمارەی ئەو نامەیە دەنووسن، کە تۆ وەک موراجیعێک دەیاندەیتێ، یا تەنێ یەک ئیمزا دەکەن، یا تەنێ نووسینێک تایپ دەکەن. بێجگە لەوەی، کە تۆ بۆ هەر کارێک بچیت، دەبێ داخوازینامەیەک"عەریزە و عەرزوحاڵێک" بنووسیت. بۆ ئەو مەبەستەش، دەیان داخوازینامەنووس، لەبەر دەرگای دائیرەکاندا دانیشتوون و بە مەکینەی نووسین و زۆرجارانیش بە دەست داخوازینامەکەت بۆ دەنووسن. بۆ تەواوی ئەو داخوازینامانانەش، کلێشەی ئامادە هەیە و تۆ نابێ لەوە دەرچیت و ناشبێ بۆ خۆت بینووسیت، هەرچەندی سەوادیشت هەبێت. کە دەچیتە ژوورێکی ئەو کارمەندانەوە، دەبینی چەندین کەس دانیشتوون بە حیساب بۆ ئەنجامدان و ڕاپەڕاندنی کاری خەڵک، بەڵام کاری ئەو خەڵکەش هەرگیز ناڕوات و جاری وا هەیە حەفتان و مانگان و ساڵان دەخایەنێت، تا کارێک بگاتە ئەنجام. دیارە ئەم دەردە تەنێ کوردستانی نەگرتووەتەوە، بەڵکە تەواوی ڕۆژهەڵات وایە.

زیندان:

هەردوو دەسەڵاتەکەی هەولێر و سلێمانی، لە دامەزراندن و بنیاتنانی زیندان و گرتووخانەدا، کەمتەرخەمییان نەکردووە. خەڵکێکی زۆر لە زینداندان. لە هەولێر لە سەر ئەوەی سەر بە یەکێتین و لە سلێمانی لەسەر ئەوەی

سەر بە پارتیین گیراون. باسی ئەشکەنجەش لەو زیندانانەدا دەکرێت. بێگومان وەک هەموو ولاتێکی ڕۆژهەلاتیش، پارێزەر و مافی مرۆڤە گیراو و زیندانییەکە لە ئارادا نییە و کەس بیری لێ ناکاتەوە! لە سەر چیایەکی بەرزی نزیکی ئاکرێ، بینایەکی یەکجار مەزن هەیە، کاتی خۆی قەلا و سەربازگەی لەشکری حوکوومەتی عیراق بووە، ئێستاکە زیندانێکی گەورەی پارتییە و سەدان کەسی تێدا بەندن.

ئاوارە:

ئەوانەی کە ئەوڕۆ لە کوردستان نێوی ئاوارەیان لێ نراوە، چەندین جۆرن. هەلاتوو و دەرکراوی کەرکووک و گەرمیان و بەغدا و خانەقین و پاشماوەی ئەنفال و هەلەبجە و هەلاتووانی جەنگیی نێوخۆ، خڕ بە ئاوارە دەژمێردرێن. ئەمانە بە هەموو جۆرەکانیانەوە، گەلەک زۆرن و پێم وایە هیچ ئامارێکی ڕێکوپێک لەبارەیانەوە نییە. هەندەکیان بە شێوەیەک لە شێوەکان تێکەڵ بە ژینگەی نوێ و هەواری نوێیان بوون. بەگشتیی باری ژیانیان هێندە خراپە، کە گەلێک سەختە، بتوانرێ وێنەیەکی ڕاست و دروستیان بخرێتە بەر چاو. هەلاتووانی خەڵکی سەر بە یەکێتی لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی و هەلاتووانی خەڵکی سەر بە پارتیی لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر، ئەوە هیچ کە تەواوی ماڵ و حاڵیان جێهێشتووە، بە هیچ شێوەیەکیش ناتوانن سەردانی شار و گوند و کەسەکانی خۆیان بکەن، هەر ڕێک وەک فەلەستینییەکان و ئیسرائیل یا کۆریاییە باکوور و باشوورییەکان. لە سلێمانی چوومە سەردانی ماڵەدۆستێک، کە کەسێکیان لە سوێدە و بە نیازی ئەوەی هەواڵێکیان ببەمەوە بۆ ئەو کەسەی سوێد. هەرچەندە دەرکە کرابووە لە دەرکەمان دا و چووینە نێو حەوشەکەوە و پرسیاری ئەو ماڵەمان کرد، ژنێک لە سەربانەوە گوتی:"ئەوانە لێرە نەماینە و چووینەتە هەولێری، ئێستا ئەمە لێرەینە". دەسبەجێ بە هاوڕێیەکەم گوت:"با خێراکەین و هەڵێین، ئەو ماڵەی ئێمە بۆی هاتووین، هەلاتوون و ئێستا لە هەولێرن و ئەم ماڵەش هەولێرین و ئەم ماڵ و خانووەیان داگیر کردووە، تا خەبەریان لێ نەداوین و بە بیانووی پێوەندەوە بەو ماڵەی لەمەڕ خۆمان دارکاریی نەکراوین، با فریای خۆمان بکەوێن". دیارە داگیرکردنی خانوو و ماڵ تەنێ لە سلێمانی نییە، بەڵکە هەولێر و شارەکانی بندەستی پارتییش هەمان شتی تێدایە.

ئەنجام:

من بە هیچ جۆرێک گومانم لەوە نییە، کە ئەم ئەزموون و کارگێڕییە خۆماڵییەی کوردستان –بە هەموو ناتەواوییەکیشییەوە- گەلێک لە کارگێڕیی حوکوومەتە داگیرکارەکان بۆ ئێمە باشترە. کوردستان ولاتی ئێمەیە و پاراستنی ئەم ئەزموونەی لە ئارادایە و تێکۆشان بۆ یەکخستنەوەی ماڵی کورد، پێویستە و گەشەپێدانیشی بەرەو باشتر ئەرکی هەموو کوردستانییەکە، وەلێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە دەبێ چاوپۆشی لە ناتەواوی و کێماسی ئەزموون و کارگێڕییەکە بکەین. من پێم وایە: ئێستا کوردستان، بەبێ کەرکووک و خانەقین و دەڤەرەکانی دیکەی، وەک لەشێکی نیوە سەقەت و ئیفلیج وایە، کە بە تەواوی کارا نەبێت و تەنێ دەم و زمانی لە کاردا بێت. ئێستا کوردستان، بووەتە ئەزموونگەیەکی گەورە بۆ تاقیکردنەوەی هەموو شتێک، لە بواری ئایین و سیاسەت و فەرهەنگ و جڤاک و تەواوی سەرخانی کۆمەڵگەوە بیگرە، تا دەگاتە ئابووری و ژێرخانی کۆمەڵگە، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێک لەو ئەزموونانە بە فیلتەر و پالاوگەیەکدا تێپەڕ ببێت. ئێستا کوردستان، ولاتێکە بازاڕی قاچاخی تێدا گەرمە و مۆڵگەیەکی بژێویشە بۆ جاسووسان و خەڵکانی سەر بە داگیرکارانی کوردستان، کە ئازادانە و بە ئارەزووی خۆیان تەراتێنی تێدا دەکەن. ئێستا لە کوردستان قانوونی شاز و شەبەح و چوولە، پیادە دەکرێ و ئەو قانوونە لەوێ سەردەستە و لە گۆڕێیە. بۆ گۆڕینیشی –کە پێم وانییە تەنێ خەون و خەیاڵێکی ڕۆمانسییانە بێت- دەبێ چوولەییەکان، هەست بە چەوساوەیی خۆیان بکەن و، دژی شاز و شەبەحییەکان یەکبگرنەوە و بزاڤێکی (ڕۆبین هوود) یانەی شۆڕشگێڕ، سازکرێت، بێتە گۆڕێ و. . .

ستۆکهۆڵم- بەهاری 1998

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org